# میتۆدی مەولەوی بۆ گۆڕینی نارەوا لە ڕێگەی کتێبی (الفضيلة)و کۆششەکانی لەم بوارەدا، توێژینەوەیەکی عەقیدەیی مەبەسگەراییە

پ. ی. د. ئارام جلال عبدالله شاهۆیی.
زانکۆی سلێمانی- کۆلیجی زانستە ئیسلامیەکان - بەشی پەروەردەی ئایین.

**ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/١٠/١٢ ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٠٦/٢٢**

**پوختەی:**
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شرۆڤەکردنی بابەتی گۆڕینی نارەوا لە کتێبی (الفضيلة)و کۆششەکانی زانای پایەبەرز سید عبد الرحیمی مەولەوی لەم بوارەدا، بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە گۆڕینی نارەوا، وەك شمشێری دوو سەرە وایە؛ ئەگەر پسپۆڕان و زانایان بە دانایی بەکاریان هێنا؛ ئەوا کۆمەڵگەکان سەقامگیر دەکات و زانایان کاریگەریی بەهێزی خۆیان دەبێت لە دژی ستەم و ستەمکاراندا، بەڵام هەرکات گۆڕینی نارەوا بەدەستی کەسانی نەشارەزا لە دەق و مەبەستەکانی شەریعەت بێت؛ ئەوا دەبێتە مایەی ناسەقامگیریی کۆمەڵگە و پشێوی و پەکخستنی یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی ئەو چاکسازییەی ئیسلام کاری بۆ دەکات.
کلیلە وشە: مەولەوی، کتێبی (الفضيلة)، گۆڕینی نارەوا، بیروباوەڕ. مەبەسگەرایی.

منهج المولوي حول تغيير المنكر من خلال كتاب الفضيلة وجهوده في هذا المجال
دراسة عقدية مقاصدية

ملخص البحث: هذا البحث هو محاولة لبيان مسألة تغيير المنكر من خلال كتاب الفضيلة وجهود العلامة السيد عبد الرحيم المولوي في هذا المجال, يبين أن تغيير المنكر هو سبب لحماية المجتمع واستقراره، ولكن بشروطه الخاصة التي صاغها العلماء على ضوء القرآن الكريم والأحاديث الشريفة وتعامل النبي (صلى الله عليه وسلم عليه)، إن موضوع تغيير المنكر هو بمثابة سيف ذو حدين؛ إذا تم استخدامه بحكمة من قبل أهل الخبرة والعلم؛ سوف تستقر المجتمعات، ويكون للعلماء تأثير كبير على الظلم وأهله، وإذا كان عكس ذلك؛ قد استعمل من قبل من لم يكن له معرفة بنصوص الشريعة ومقاصدها؛ فإنه سوف يسبب عدم الاستقرار في المجتمع ويعطل أحد الركائز الأساسية للإصلاح في الإسلام.
**الكلمات المفتاحية**: المولوي، كتاب الفضيلة، تغيير المنكر، العقيدة، المقاصد.

**پێشەکی**

سوپاس و ستایش بۆ ئەو پەروەردگارە بێهاوتایەی کە هێز و توانای ئەوەی پێبەخشیین بتوانین لەخزمەت زانایەکی پایەبەرزی کوردستاندا بین, تا لە خەزێنەی گەوهەری بەرهەمەکانی ئەم بابەتە پێشکەشی خۆشەویستانی زانست و ئەدەب و ئایین بکەین.
چەندەها خوێنەرو خوێندکار، دەستەوسانن لە بەردەم شاکارە ئەدەبیی و زانستیەکانی زانای پایەبەرز سید عبدالرحیمی مەولەوی، چونکە هەرکەسێ بیەوێ خۆی بدا لە دەریای زانستی مەولەوی دەبێ مەلەوانێکی بەتوانا بێت؛ کە بتوانێ لە قوڵاییەکاندا گەوهەرە شاراوەکان بدۆزێتەوە، وە خاوەنی قەڵەمێکی شارەزاو بەبڕشت بێت؛ وەلێ کوا قەڵەمی ئێمە ڕوی ئەو جۆرە مەجلیسانەی هەیە.
بەڵام من لێرەدا بیانویەکی نیمچە ڕەوام بەدەستەوەیە، کە بریتیە لە چونە خزمەتی بابەتێك پانتاییەکی فراوان و گرنگی لە قورئان و سونەت و ژیانی پێغەمبەردا (درودی خوای لە سەربێت) پێدراوە؛ ئەویش بریتیە لە (گۆڕینی نارەوا- تغيير المنكر)؛ هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم مەرجی کارپێکردن وجێبەجێکردنی لای زانای پایە بەرز سید عبد الرحیمی مەولەوی لە کتێبی فەضیلەدا ڕون بکەمەوە، کە زۆر بەوردی ئەم بابەتەی شرۆڤە کردوە؛ تەمەنێکی لە ڕوبەڕوبونەوەی نارەوادا بەسەر بردووە؛ وە ڕەواندنەوەی چەند گومان و نارونیەك لەو بارەیەوە، کەواتە ئەم توێژینەوەیە دوو لایەنی سەرەکی لەخۆ دەگرێ:
**لایەنی یەکەم:** باسکردنە لە گۆڕینی نارەواو شیکردنەوەی میتۆدی مەولەوی لە کتێبی فەضیلەدا.
**لایەنی دووەم:** ڕەواندنەوەی ئەو وێنە ناڕاستەی سەبارەت بە دوورە پەرێزی مەولەوی وتراوە؛ گوایە مەولەوی وەک زانایەکی تەسەوف، لە کاروباری سیاسەت و ناوچەکەی خۆی زۆر دورە پەرێز بووە، ڕەنگە مەشرەبی سوفێتی وای لێکردبێ هیچ شتێك کاری تێنەکردبێ، بەڵام لەڕاستیدا کۆششەکانی مەولەوی وێنەیەکی جیاوازمان پیشان دەدات، کە زانایەکی ئازاو کارامە بووە و هەمیشە لە هەوڵ و تەقەلای دورخستنەوەی شەڕو ئاگر بووە لە ناوچەکەی خۆی، بە ئەوپەڕی بوێرییەوە بەرانبەر نارەواکان وەستاوە، وە بەپێی توانا بژاری ڕێگای دینداری کردوە لە گیاکەڵەو دڕکوداڵی نەفامی و ستەم.

sjh@univsul.edu.iq

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** ئەوە بۆ هەموان ئاشکرایە کە مەولەوی خزمەتێکی زۆر جوان کراوە، ئەم خزمەتەش بە دەست پێشخەری زانای پایەبەرز مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس و کوڕە بەڕێزەکانی بووە (ڕەحمەتی خوایان لێبێت)، هەروەها کۆمەڵێك لە زانایانی پایە بەرزی تر خزمەتێکی بێ وێنەیان پێشکەش بە مەولەوی کردوە وە چەندین کتێبیان لەوبارەیەوە بڵاو کردۆتەوە، کە دەبێ هەمیشە لەباسی مەولەویدا ناویان بەرز ڕابگیرێ وەك: (پیرەمێرد، محی الدین صبری کانیمشکانی، علائدین سەجادی و گۆران و محمد علی قەرەداغی و سەید تایری هاشمی و سدیق بۆرەکەیی ومحمد حسن شریف آبادی ... وە زۆرێکی تر لە زانایان).

وا جارێکی تر خزمەتێکی تری مەولەوی ئەنجام درا لە لایەن زانکۆی سلێمانی بە هاوبەشی ماڵپەڕی مەولەوی، پاش دەستخۆشیەکی بێ پایان دەڵێین هەرچەنێك خزمەت بە مەولەوی بکرێ هێشتا کەمەو و دەریای زانستی مەولەوی و یادوو یادگاری و کارکردن لەسەر چامەکانی هەرگیز لەبن نایەن و هەرجارەو بۆن و بەرامی گوڵزارەکانی بە سەر ئاسمانی نیشتماندا وەك بارانێکی بە خوڕ دڵمان پاراو دەکات.

وەك مامۆستا ملا عبدالکریمی مدرس لە یادی مەرداندا دەفەرموێ: (( ئاخ، مەولەوی! خۆزگە بەو سۆز و عەشق و تێکۆشینە لە وڵاتێکدا ئەبووی هەرچیت ئەنووسی وەرئەگیرا و لە چاپ ئەدرا، تا کوردستان بەڵکو هەموو جیهانی موسوڵمانان بە تەئلیفات و ئاسار و ئەشعارت ڕووناك ببوایەتەوە، تا هەموو دنیا بیزانیایە بێشەی کوردستان چ جۆرە شێرێکی تێدا بووە، مزگەوتە بێ ئەوقاف و بێ نازەکانی زانای گەورەو بەرزو پیاوانی خاوەن بەهرەی ئەدەبیی چۆنیان پێگەیاندووە, لە شاعیرانا کەسانی وەك مەولەوی و مەلا خدری نالی و عەبدولرەحمان بەگی سالم و مستەفا بەگی کوردی و مەلا موحەمەدی مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مەلا مستەفای بێسارانی و صەیدایی هەورامی و وەلی دێوانە و موحەمەد ئاغای دەربند فەقەرە و خانای قوبادی و مەلکەی مراد وەیس و حاجی قادری کۆیی و مەلا عومەری ڕەنجۆری, لە زانایاندا کە سانی وەك ئیبنولسەلاحی شارەزووری و کەمالودینی ئەربیلی و ئیبنولحاجیبی سندی و سەیفولدینی ئامودی و فاضیل موحەمەد ئەفەندیی گۆرانی و ئیبنو خەلەکان و مەلا عەبدوڵلای بێتووشی و کەسانی تریش پەروەردەی سووچی ئەم مزگەوتانە بوون... )). (مدرس، ٢٠١١ز، ٣٠٢).

هەروەها مامۆستا جەعفەر لە مێژوی بیری کوردیدا دەڵێت: ((ئەگەر مەولەوی سویسری، فەرەنسی، ئەڵمانی یا ئەمەریکی بوایە، وڵاتەکەی ئامادە دەبوو یەك ئامۆژگای بەلای کەمەوە بۆ تەرخان بکات، چونکە مێژوی ژیانی ئەو، مێژوی گەلەکەیەتی و مێژوی ئەو وڵاتەیە، پشتگوێخستنی پێشڕەوو بیرکەرەوەیەکی گەورە، نیشانەی ناتەواوی و بەجێمانە، نەك پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوون)). (جەعفەر، ٢٠٠٩ز، ٣٦١).

ئێمەش بەدەوری لاوازی خۆمان؛ هەوڵ دەدەین ئەو گلەییانەی کە خراونەتە پاڵ سید عبد الرحیمی مەولەوی ڕەت بکەینەوە، کە ئەم کارەش هەر خۆی دەکەوێتە بازنەی (ڕەتکردنەوەی ناڕەوا)؛ تا لە بەرەکەتی ئەو مەردانە بێبەش نەبین و بتوانین وەك بچوکێك لە بنەماڵەی پیرخدری شاهۆ خزمەتێك لەم بوارەدا بکەین و تێشکێك بخەینە سەر مێژووی پڕ سەروەری و ئازایەتی مەولەوی.

**گرنگی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:**

1- خاوەنی میتۆدەکە: کە زانای پایەبەرز سید عبدالرحیمی مەولەویە، ئەو زانا بلیمەتە بێ وێنەیەی لە هەموو بوارێکدا شارەزایی و لێهاتویی خۆی بە جوانترین شێوە دەربڕیوە، ئەگەر بە دیدێکی خێرا تەماشای بەرهەمەکانی بکەین، سەرجەمیان لە ئەوپەڕی تواناو قودرەتی تایبەتی خۆیدا بووە، تا ئێستاش زۆربەی چامەکانی بە کەسانی زۆر شارەزاو بلیمەت نەبێت لێك نادرێتەوە، تا گەوهەری زۆر توحفەو جوانمان دەستکەوێت، هەروەها بایەخدان بەبەرهەم و ژیانی مەولەوی ڕەنگە بەشێك لە مێژووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و ئابوری و ئایینمان بگۆڕێت.

2- گۆڕینی ناڕەوا: هۆکاری پارێزگاریە لە کۆمەڵگەکان، چونکە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە بەشداریی دەکەن لە بەرەو پێشچونی وڵات و هەموان خۆیان بە خاوەنی دەزانن و لە سەرجەم کایەکاندا بەرەو پێشی دەبەن، بەڵام بە مەرجی تایبەتی خۆی, کە زانایان لە بەر ڕۆشنایی ژیان وئاکاری پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەربێت) دایانڕشتوە، کەواتە ئەم چەمکە وەك شمشێری دوو سەرە وایە؛ ئەگەر بەدانایی بەدەستی کەسانی شارەزاوە بەکارهات؛ ئەوە ئاسودەیی بەکۆمەڵگەکان دەبەخشێت و زانایان لە بەرانبەر ناڕەواکان کاریگەری گەورەی خۆیان دەبێت, وەك مەولەوی دەفەرمووێ: (( کەسێک بەڕاستی ڕێگای خوا بگرێ ولێی بترسێت، بێگومان فەرمانڕەوای ڕۆژیش لێی دەترسێت و شەرمی لێ ئەکات، لەوانەیە واز لە تاوانەکەی بێنێ و ڕوو بکاتە خوا، ئەگەر زانایان ترسی خوایان لە دڵدا نەبێ، فەرمانڕەوای ڕۆژیش نرخیان بۆ دانانین و بە سووک سەیریان دەکەن...))، (مدرس: ٢٠١١ز، ٣٥٦)؛ (جعفر, 2009ز, ٣٨٤), بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر گۆڕینی ناڕەوا بەدەستی کەسانی نەشارەزا لە دەق و مەبەستەکانی شەریعەت بەکار هێنرا؛ ئەوە دەبێتە مایەی سەرگەردانی کۆمەڵگەکان و پەکخستنی فەرمانێکی گەورەیی خوایی کە بە مەستی سەقامگیری کۆمەڵگەی موسوڵمان بنەماکانی دارێژراوە.

**ڕێبازی نووسینی توێژینەوەکە:** لە نووسینی توێژینەوەکەدا ، ڕێبازی : مێژوویی - وەسفی - شیکاری، بەکارهاتووە؛ وە پێمباشە ئەم تێبینیە بخەمە بەرچاوی خوێنەران:

لە کاتی ئەم گەشتە بەناو گوڵستان و شاکارەکانی مەولەویدا؛ لە هەردوو کتێبی (عەقیدەی مرضیە ل ٦٦٠، وفەوائیح ل ٢٢٧ )ی مەولەویدا، بە خزمەت چەند بەیتێك گەیشتین کە سید عبد الرحیمی مەولەوی بۆ شرۆڤەی چەمکی (گۆڕینی نارەوا) داینابوو لە مەبەستی (الأمر والنهي)دا، لەگەڵ ئەوەی کە سودی زۆرم لەخزمەتیاندا بینی، بەڵام بنەمای سەرەکی توێژینەوەکەمان هەر کتێبی فەضیلەیە، چونکە شیکردنەوەی کۆی دەقەکان توێژینەوەکەی زۆرتر دەکرد لە قەبارەی ڕێگە پێدراو.

**ڕیزبەندیی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە پێشەکیەك و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە، بەم شێوەیە: بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تەرخان کراوە بۆ باسکردن لە: (سەرهەڵدانی تەسەوف لە کوردستان و ئاشنایەتی مەولەوی بەو ڕێبازە)، کە خۆی دەبینێتەوە لە دوو تەوەردا؛ تەوەری یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی تەسەوف لە کوردستاندا، تەوەری دووەم: ئاشنایەتی مەولەوی بە ڕێبازی تەسەوف، بەشی دووەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ: ( میتۆدی مەولەوی بۆ گۆڕینی نارەوا وە کۆششەکانی لەم بوارەدا)، کە خۆی لە دوو تەوەردا دەبینێتەوە، تەوەری یەکەم: میتۆدی مەولەوی بۆ گۆڕینی نارەوا لە کتێبی فەضیلەدا، تەوەری دووەم: کۆششەکانی سید عبدالرحیمی مەولەوی بۆ گۆڕینی نارەوادا.

**بەشی یەکەم**

**سەرهەڵدانی تەسەوف لە کوردستان و ئاشنایەتی مەولەوی بەو ڕێبازە**

**تەوەری یەکەم: سەرهەڵدانی تەسەوف لە کوردستاندا**

گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانەی کە بە هاتنی ئاینی ئیسلام پرەنسیپە بەرز و فێرکارییە پیرۆزەکانی بە دڵێکی فراوانەوە وەرگرت، وە باوەڕێکی قووڵی لە ئاست پەیامەکانی بۆ دروست بوو، بە شێوەیەك کە زاناو خوێندەواروو نەخوێندەوار لە بۆتەی خواپەرستیدا توانەوە، وەك لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و نالی و مەولەوی ...هتدا، بەڕونی دیارە. (سەجادی، ١٩٥٢م, 147).

مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن کە پەیوەندی کورد بە ئیسلامەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هاوەڵی ڕێزدار کە بوونە سەرمەشقی بڕوادارانی گەلی کورد، بە ناوەکانی: جابان یان کاوانی کوردی و مەیمونی کوڕی، کە نازناوی - ئەبو بەسیرە، هەرچەندە لەناو سەرچاوەکاندا زانیاریی ئەوتۆ لەبارەی ئەم سەحابییە کوردەوە لەبەردەستدا نییە، وەك شوێنی لەدایکبوون و پێگەشتن وتەنانەت لەسەر ڕێنوسی ناوەکەشی ناکۆکیی هەیە، بەڵام هیچیان ناکۆکییان نییە لەسەر ئەوەی یەکێکە لەوانەی کە فەرموودەی گێڕاوەتەوە، بەڵام ئەم بەرکەوتنە لە چوارچێوەیەکی سنووردراردا مایەوە تا سەرەتای فەتحەکانی ئیسلامی، بەتایبەتی تا دوای شەڕی قادیسیە ساڵی (١٦ کۆچی)، بەمشێوەیە پەیوەندی و بەرکەوتنی کورد لەگەڵ سوپای ئیسلامی دەستی پێکرد، بەتایبەتی لەگەڵ ڕووداوەکانی جەنگی سوپای موسوڵمانان لەگەڵ سوپای فارس لە (جەنگی جەلەولا)، ساڵی (١٦ ك – ٦٣٧ز)دا، کەواتە دەکرێت ساڵی(١٨- 20ی کۆچی) وەک ئەو ساڵە هەژمار بکرێت کە کورد ئاینی پیرۆزی ئیسلامی قبوڵکرد، وە ناوچەکەی بوو بەیەکێك لەو ناوچانەی کە بە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی ئەژمار دەکرا. (تەها: ٢٠١٥ز، ژ٢).

مشتومڕو تیۆریای زۆر هەن لە سەر چۆنیەتی دەرکەوتنی سۆفیگەری و ناوەڕۆکی ئەم ڕێچکەیە، هەیە دەیگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یەکەمی ئیسلام و هەشە پەیوەستی دەکاتەوە بە ڕەهبانیەتی سریانی و سرووتەکانی ئاینی زەردەشتی، وەهەندێك ڕێوڕەسمی ئاینە هندییەکان؛ وە بە ڕای زۆر لەو زانایانەی کە لە سۆفیزمیان کۆڵیوەتەوە، بنەڕەتی سۆفییەتی ئیسلامی دەبەنەوە سەر دیاردەیەکی قۆناغی یەکەمی پەیدابونی ئەم ئایینە، کە پێی دەوترێ زوهد لەو ڕۆژگارەدا بەسەر بەشێکی زۆری موسوڵماناندا زاڵ بووە. (محمد، ٢٠٠٧ز، ١٨٣).

بەڵام لەناو کورددا سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازە خواپەرستییە زۆر کۆن نییە و دەگەڕێتەوە بۆ (سەدەی چوارەمی کۆچی) کە تێیدا ئەم شێوازە خواپەرستییە لە زوهد و پەناگیرییەوە پەرییەوە بۆ گەڵاڵەبوون و پێگەشتن و خەمڵین، بۆ ئەم دەرکەوتنەش زیاتر لە هۆکارێک هەیە کە هەندێکیان پەیوەندییان بە ژیانی دنیا نەویستی پێشەواکانی شەرعەوە هەیە و هەندێکی تریان پەروەدەیی سیاسین بەتایبەت پاش ئەوەی نیزامولمولکی سەلجوقی شافیعی مەزهەب وەک موریدێکی سۆفیگەریی چالاک دەکەوێتە بەخشین و یارمەتیدانیان، جگە لە پاڵنەرە مەزهەبیی و دینییەکانیش بارودۆخی کۆمەڵایەتی و نارەزایی سیاسی لە خراپەکاری میرەکان ڕۆڵی زۆری هەبووە لە هەڵبژاردنی دنیا نەویستی لای هەندێك لە کورد. (تەها: ٢٠١٨ز، ١٢).

مەولانا خالیدو-١٩ کانونی دووەمی ١٧٧٩ز- تەریقەتی نەقشبەندی خاڵێکی گرنگ و وەرچەرخانێکی گرنگن لە مێژووی گەلی کوردا، لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا ئەو کەسایەتیە و تەریقەتە سوفیگەریەکەی بۆ کات و سەردەمی خۆی جوڵانەوەو تازەبوونەوەیەکی لە نێو ڕەوشی ئایینداری و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی میللەتی کوردا هیناوەتە کایەوە؛ بۆیە هەر کەسیک باس لە

کەسایەتیەکی گەورە بکات لە مێژووی گەلی کوردا، لە بوارەکانی ئایین و تەصەوف و شیعرو بزافی سیاسی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەسەدەکانی ڕابردوودا، بێگومان ناتوانیت باس لە مەولانا خالیدی نەقشبەندی و تەریقەتەکەی نەکات.

ئەو بزافە نوێکردنەوەی ئاینییەی لەسەر دەستی مەولانا دەستی پێکرد لەسەرەتای (سەدەی نۆزدەدا) (١٨١١، ١٨٢٠ز) هەتا ئێستا شوێن و کاریگەری دیارەو یەکێك لە کارە هەرە گەورەکانی مەولانا خالد ئەوەبوو کە لە نێو خەلیفەکانیدا دوو کەسایەتی گەورەی پێگەیاند لە ناوچەکانی کوردستاندا، شێخ تەهای شەمزینی لە کوردستانی باکور و شێخ عوسمانی تەوێڵە لە باشوری کوردستان، پاش ئەوەی ناوچەی سلێمانی بۆ موریدانی نەقشەبەندی لەبار نەبوو، بۆیە مەولانا شێخ عوسمانی ناردەوە بۆ تەوێڵە؛ ئەوەش بووە هۆکاری ئاشنابوونی مەولەوی بە تەریقەتی نەقشبەندی. (مدرس ، ٢٠١١ز، ٣٠٠)، (حەکیم، ٢٠٠٩ز، ٧) ؛ (صالح: ٢٠١٨ز، ٨٨- ١٠٦).

**تەوەری دووەم: سەرەتای ئاشنایەتی سید عبدالرحیمی مەولەوی بە ڕێبازی تەصەوف:**

مەولەوی لە سەردەمی مەلایەتیدا خولیای سۆفیگەری و وەرزشی گیانی ئەکەوێتە سەری وەك مامۆستا مەلا عبدالکریم لە یادی مەرداندا دەفەرموێ: ((سەرەتای پێوەندی ڕۆحی مەولەوی، وەك مەنسوبێکی تەریقەتی نەقشەبەندی بە شێخ عوسمانی سراجودینەوە بووە، پاش کۆچی دوایی شێخ عسمان؛ بوو بە مەنسووبی شێخ محمد بهائودینی کوڕی و زۆری باوەڕ پێ بووەو بە (ئاینەی کامڵ) واتە ئاوێنەی تەواوو پێگەیشتوو ناوی بردووە، واتە هەموو سیفەتە بەرزەکانی باوکی ڕەنگیان لە میشا داوەتەوە)) وە پەیوەندیەکی گیانی لەگەڵدا ئەبەستێ، واتای سۆفیگەری تێکەڵ بە گۆشت و خوێنی دەبێ و ئەچێتە باروو دۆخێکی ترەوە، تا وای لێدێت مەولەوی بۆتە زانایەکی گەورەی ئەهلی تەسەوف، وە هەڵگری ڕێبازی نەقشبەندی مجددی، وە بوو بە موریدی شێخ عوثمانی سیراجەددین، کە لە خەلیفە هەرە پێشوەکانی مەولانا خالیدی شارەزوری بووە، وە مێژوی ژیانی ئەم سێ مەردە لە یەك سەردەمدا بووە گەرچی مەولەوی لەوان منالٔ تربووە: مەولانا خالد لە ١١٩٣ -١٢٤٢ك، شێخ عثمان سراجەدین لە ١١٩٥-١٢٨٣ك، مەولەوی ١٢٢١ — ١٣٠٠ کۆچیدا ژیاون. (مدرس، ٢٠١١ز، ٣٠٧).

دیارە هۆکاری زۆر هەیە بۆ تێکەڵبونی بێ وێنەی مەولەوی، وە زۆرێکی تر لە زانایان لەوانەی ڕێیان لە ڕێبازی نەقشبەندی کەوتوە؛ چاك لەگەڵیا تێهەڵچون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە:

**هۆکاری یەکەم: پەیوەندی مورید بە شێخەوە.**

مامۆستا ملا عبدالکریمی مدرس دەفەرموێ: (( هۆیەکانی گەیشتن بە خوا لای نەقشبەندیەکان چوارن، یەکەم: هاوڕێتیی مورشیدی کامل و موکەممەل لەگەڵ خۆشەویستی و ڕاگرتنی ئەدەبدا، ئەم هاوڕێیەتیە ئەوەیە مورید تا لە توانایدا بێ لەگەڵ مورشیددابێ و لە ڕەوشت و کرداری بەرزی کەڵك وەربگرێ و ئەدەبی ئەو بکا بە سەرمەشق بۆ خۆی...)). (مدرس، ٢٠١١ز، 108 - 139)،

کەواتە بوونی شێخ لە دابی تەریقەتی نەقشبەندیدا ڕەگەزێکی جەوهەرییە، وە بەبێ (پیری کامڵ) ناتوانرێ ڕێگای سەخت و ئاڵۆزی ڕاستی یەزدانی دۆزینەوە بگرێت؛ دەوری شێخ کاریگەریەکی زۆری لەسەر ژیانی موریدەکان دروست دەکات، ئەوەتا مەولەوی ئەم هاوڕێیەتیەی لەگەڵ شێخەکەیدا زۆر بەگەورە گرتوە؛ کە ئەمانە چەند نمونەن لە شیعرەکانی:

دەماخ وە نەشئەی سەربەرزانی کەیل
مورشید میراو سەر جۆی بادەی لەیل

یان دەفەرموێ:

مەسقەڵچی سەواد ئاینەکەی دڵ
غەواس دانەی دەریاچەی موشکوڵ

لە دێڕی یەکەمدا مەولەوی مەبەستی لە بادە: خۆشەویستیی یەزدانییە و شێخیشی کردووە بە میراو و ئاو دابەشکەری ئەم ئەشقە، شاعیر بەم لادیمەنەی ئاودێران و ژیانی دێهاتی کوردەواری ئەم بیرە ئەبستراکتە فەلسەفیەی دەربڕیوە و شێخی گەیاندۆتە پایەی بەمەستیی سەربەرزان و ئاسمان کەیل؛ لە بەیتی دووەمدا شێخ لە بنی دەریادا - واتە زانستی قورس و گراندا، گەوهەر دەردەهێنێ لەناو دەریا و دەیەوێ دڵی ڕەژووگرتووی پـاك بکاتەوە، ئاوێنە لەفەرهەنگی سۆفیدا بە دەرخەرو پیشاندەری جیلوەی ڕاستی دەڵێن، کە بە شێوەی هەست پێکراوو سەلمێنراو، یان هی گەردونی نهێنی دەرکی پێ بکرێت. ( محمد ، ٢٠٠٧ز، ١٣٣- ٢٣٤).

هەروەها مەولەوی لە خانەقای تەوێڵەوە ڕوو دەکاتە پیرەکەی و دەفەرموێت:

باڵاخـانەی چـەم دیـوانەکەی تـۆ
با نـەناو وە خاك ئاسانەکەی تـۆ
تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تێشدا
ئـازیز بۆ جـارێ پـا بـنیە پێشـدا

**بەم مانایە دێت:** باڵەخانەی چاوی ئەوکەسەی شێت بووە بۆت وەك عەوداڵ کەوتۆتە دووت کەسەربانەکەی بە خاکی بەرکەوشکەنی تۆ گڵەبان کراوە، وەك چۆن دڵۆپە دانیشتوانی ژوورەکانی سەرەوەی باڵەخانە بێزار و نارەحەت ئەکات، ئاوا دڵۆپەی فرمێسکوێنەی هەمیشە نیشتەجێی تۆی تیا بێزار و نارەحەت کردووە.

دە جارێ وەرە پێیەکی پیا بنێ، بەڵکو بەهاتن و پێ پیانانەت کزربێتەوە و دوایی بە گریانی لەبەر دەردی دوریم لێتەوە بێنی، وەك چۆن بانگوش کە ئەچێتە سەربان و قوڕی بانەکە ئەکوتێتەوە و بەوە دڵۆپەکەی ڕائەگرێ. (مەلا کریم، 2001ز، ٣٢)، (محمد، ٢٠٠٧ز، ١٨٣).

**هۆکاری دووەم: پەیرەویکردنی کیتاب و سوننەت و خۆپاراستن لە هەموو بیدعەت و گومڕایی**

لەگەڵ هاتنی تەریقەتی نەقشەبەند بۆ کوردستان لەسەر دەستی مەولانا خالدی نەقشەبەندی لە سەدەی نۆزدە، بووە بە یەکێك لەو هۆکارانەی کە مرۆڤەکانی پەروەردە کرد لەسەر کۆمەڵێ چەمکی تازە کە پەیوەندیان بەو ڕێبازەوە هەبوو، کە بریتیبوو لە ڕێگای فەرمانبەرداریی خوا بەساغی و دڵسۆزی، کەواتە خەریك بوون بە تەریقەتەوە لە ڕاستیدا خەریك بوون بووە بە ئادابی شەریعەتەوە، کە ئادابێ شەریعەت وەك لای هەموان ڕونە سەرتاپای لەگەڵ سروشتی مرۆڤەکاندا یەکدەگرێتەوەو مرۆڤ ئاسودە دەکات. (مودەریس، ٢٠١١، ١/ ١٠٣).

ئەم ڕاستیە بەشێوەیەکی ئەوەندە دیارە؛ تەنانەت زانایانی دەرەوەی بازنەی تەصەوف گەواهیی و شایەتیی بۆ ئادابی سۆفی ڕاستەقینە دەدەن: بۆ نموونە ئیبن تەیمیە (ڕەحمەتی خودای لێبێت) دوای ئەوەی ڕای خەڵک لەسەر سۆفیەکان باس دەکات دەفەرموێت: (( لەو کەسانەی ناوی سۆفیان لێنراوە ئەوەندە ئەولیای خودا و پاکان و چاکانیان تێدایە لە ژمارە نایەن))، هەروەها دەفەرموێت: (( هەندێ ڕەوت و گرووپی ئەهلی بیدعە و زەندەقەش خۆیان داوەتە پاڵیان، بەڵام لای زانایانی ئەهلی تەحقیقی تەصەوف ئەوانە لەوان نین و لە تەصەوف بەرین )). (ابن تیمیە، 1995م، 11 / 18).

هەروەها ئیمامی شاتبی (ڕەحمەتی خودای لێبێت) دەفەرموێت: (( زۆرێک لە نەزانان وا دەزانن سۆفییەکان شلن لە شوێنکەوتن، واتە شوێنکەوتنی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) پابەندبوون بە شەرع و کارێ دەکەن شەرع ڕێگەی پێ نەدابێت، حاشا ئەوان هیچ باوەڕیان وا نەبووە، چونکە ئەوان ڕێبازەکەیان لەسەر شوێنکەوتنی قورئان و سوونەت و خۆپاراستن لە سەرپێچیی قورئان و سووننەت بنیاتناوە)) .

**هۆکاری سێیەم: گەشەسەندنی مەدرەسەی خاوەن مامۆستای بەناوبانگ:**

لە سەردەمی هاتنی تەریقەتی نەقشەبەند بۆ کوردستان ناوبانگی مەدرەسەکانی هەموو قەڵەمڕوی دەڤەرەکەی گرتەوە، وە لە هەموو لایەکەوە مەلاو فەقێ بۆ وەرگرتنی عیلم ڕوویان تێدەکرد.

ئەم مەدرەسانەی نەقشەبەندی بوونە یەکێك لەو هۆکارانەی کە هانی موسوڵمانان بەگشتی و شوێنکەوتوانی بەتایبتی بدات کە خۆیان لە زانستەکان شارەزا بکەن، وە لە سەر مریدیش پێویست بوو وەك لەسەر هەر موسوڵمانیکی تر پێویستە فێری ئەحکامی شەرعی ببن و شارەزایی لە عباداتدا هەبێ، تەنانەت ئەگەر بتوانێ فێری ئەحکامی موعامەلاتیش ببێت؛ وە ئەگەر خوێندەواریش بوو بەپێی توانا خەریکی عولوومی دینییێت، وەك تەفسیر و حەدیث و عەقاید و فقە و کتێبی بە سوودی تری.

ئەم پەروەردەکردنە تا سەردەمی مەولانا خالید خۆی سەرپەرشتی دەکرد تا خۆی لەژیاندا بوو گەورە زانایانی وەکو ( شێخ قەسیمی مەردۆخی و مەلا یەحیای مزووری و مەلا عەبدوڵڵای جەلی) و دەیانی وەکو ئەم ئەستێرانە لەبەردەمیدا چاو لێك دەنێن و یادی پەروەردگاریان دەکەنەوە، لەلایەکی تریشەوە بزانەکانی وەکو شێخی ئالووسی و ئیبنو العابدین و شێخی عەتار و دەیانی وەکو خۆیشیان بە(خەیالی) و (مەتالیع) و (مەواقیف)ە کانیانەوە سەرەی دەرس خوێندنیان لە خزمەتیا دەگرت.

لە پاش خۆشی چەندین زانای بەتوانا لە مزگەوت و مەدرەسەکانی کوردستاندا خزمەتیان کردوە؛ خەلیفەکانی لە سەرتاسەری کوردستان کەوتنە ئاوەدان کردنەوەی چەندان مزگەوتی نیمچە وێران بوو، بە نوێژ و زیکرو خەتم و خواپەرستی، هەروەها دروست کردنی چەندان خانەقا و تەکیە و مزگەوتی تازە بۆ ڕاهێنانی دڵان و پەروەردەکردنی بەندەکان و ڕێپیشاندانی سەرگەردانەکان، کە لەوکاتەوە هەتاکو ئەمرۆ هەزاران کەسی خزم و بێگانە و دووروو نزیک و ناسراو و نەناس لە بەرووبوومی شیرینی ڕێباز و تەریقەتەکەی مەولانا دەنۆشن. (فتاح، ٢٠٠٩ز، ٦).

لە سەرەتادا مەدرەسەی (تەوێڵە) یەکێك بوو لەو مەدرەسە بەناوبانگانەی کە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە پێگەیاندنی مامۆستاو زانای پایەبەرز، پاشتر مەدرەسەی (بیارە) کە لەسەردەمی شێخی ضیائولدیندا دروستکراوە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە بڵاوکردنەوەی زانستە ئیسلامییەکان و پاراستنی ڕەسەنایەتی بیری میانەڕەوی ئایینی، هەروەها توانی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەو سەردەمەدا دابین بکات، بەو پێیەی زۆرێک لە زانایانی بەناوبانگ دەرچووی ئەو مدرەسەیەبوون، کە خۆیان تەرخان کرد بۆ خزمەتکردنی زانستە ئیسلامییەکان و پەروەردەکردنی نەوەکانی دواتر بە زانست. وە هەر یەک لەو دەرچوانە بوونە قوتابخانەیەکی دیاریکراو، ئەو زانستانەیان دەوتەوە کە لە وێ بەدەستیان هێنابوو، بەم شێوەیە زنجیرەیەک ناوەندی زانستی و ڕۆشنبیری لە

sjh@univsul.edu.iq

سەرانسەری کوردستان لە سایەی ئەم قوتابخانە دێرینەدا دروست بوو، کە شوێنەواری لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو لە بیرەوەریەکاندا بە گەشاوەیی مایەوەو هەرگیز لەبیرناکرێن و ناسڕێتەوە، بە دەگمەن قوتابخانەیەکی ئایینی لە سەدەی چواردەی کۆچیدا دەدۆزیتەوە کە پەیوەندی بە زانا و مامۆستا و خوێندکارێکی بیارەوە نەبێت.

هەروەها خانەقاکانی پیرانی نەقشبەندی بەگشتی تەنیا ئارامگای ڕامان و ڕابیتەی موریدان نەبوو، بەڵکو شوێنی پێگەیاندی سەدەها کەڵە زانای بەناوبانگی کوردستان بوو، وەك زانکۆیەکی ئەم سەردەمە دێتە پێش چاو. (پشدەری، ۲۰۲۲ز, 430-477).

**چوارەم: عەقیدەی میانڕەوی لە ڕێبازی نەقشبەندیدا:**

ئاشکرایە کە ڕێبازی نەقشبەندی لە بیروباوەڕدا ئەشعەرین وە لای ئەشعەریەکان بڕوا هێنان بەخودا بە دڵ، ئەوا تاک باوەڕی هەیە و خاوەن باوەڕە (مؤمن)، ئەگەر تاوانی گەورەش ئەنجام بدات، موسوڵمان بە تاوانی گەورە لە ئایین دەرناچێت، خودی ئەشعەری کە پێشەوای ڕێبازەکەیە پێی وایە هیچ ڕێگرییەک نییە لەوەدا کە لە کەسێکدا باوەڕ و دووڕوویی کۆ ببێتەوە، موعتەزیلە باوەڕیان بە (جێگەیەک لەنێو دوو جێگەدا) هەیە کە نێوانی باوەڕ و بێ باوەڕییە، بەڵام ئەشعەری ئەمە ڕەت دەکاتەوە، ئەشعەری باوەڕی وایە کەسێک تاوانی گەورە ئەنجام بدات ئەوە پاش مردنی کاری دەکەوێتە دەست خودا و پاداشت و سزای لای ئەوە، ئەگەر بیەوێت دەیخاتە ژێر بەزەییەوە و ئەگەریش بیەوێت سزای دەدات بە ڕێژەی تاوانەکەی و پاشان دەیخاتە بەهەشتەوە، یان بەپێی دەقی فەرمووده پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) دەفەرموێت: (( تکای من بۆ باوەڕدارەکانی ئومەتمە کە تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە)).

ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە کە ئەشعەری بەڵگەیان بەوە هێناوەتەوە کە کردەوەی مرۆڤ بەشێک نییە لە پایەکانی باوەڕ هێنان و بەڵکوو دڵ و پاشان کردەوەیە، کار و کردەوە(عمل)ی مرۆڤی نەخستۆتە بازنەی باوەڕەوە، بەڵام (خەواریج) کار و کردەوەی مرۆڤیان بە بەشێک لە باوەڕ داناوە، ئەگەر مرۆڤی باوەڕدار واز لە یەکێک لە کارەکان بهێنێت ئەوە پێی بێباوەڕ دەبێت، یان ئەگەر کارێکی پێچەوانەی باوەڕ بکات، ئەوە بێباوەڕ دەبێت. بەڵام ئەشعەری پێیان وایە کە باوەڕ پەیوەندی بە دڵەوە هەیە و مرۆڤی باوەڕدار بە کار و کردەوەیەک بێباوەڕ نابێت. کار و کردەوە بەشێک نییە لە باوەڕ، ئەمەش ئەوپەڕی خۆپاراستنە لە تەکفیرکردن.

سید عبدالرحیمی مەولەوی لە هەردوو کتێبی عقیدەی مەرضیەو فضیلەدا ئەم بابەتەی زۆر بەجوانی ڕون کردۆتەوە، لە عقیدەی مەرضیەدا دەفەرموێ: (مەولەوی، ۱۹۸۸ز، ٦٥٤).

( عِنْدَنَا) کاسیب گونای کەبیرە... هەر وەکوو کاسیب گونای صەغیرە

ناوێ بە خاریج لە وەصفی ئیمان...یاخەیر داخڵ وێ بە کوفرو حیرمان

لەجەهەننەمدا نی یە موخەلَّد... بەڵ بەمەحضی فەضڵ موخرەجەو موسعەد

کەنارێ بگرە تۆ لە ئیعتیزال...کەلامی خاریج پووچەو بێ مەئال

ئەصڵێکی مەخووف زۆر هەیبەتناکە....گومانم خەتمی بەم طەرزە چاکە

بێ ئەمە دەلیل شەرعیت وێ دەسگیر....لە ئەهلی قیبلە کەس مەکە تەکفیر

ئەر (بَـرّ) ئەر (فاجر) فەرق مەکە، هەموو....(صَلّ خَلْفَهُمْ وَعَلَيْهِمْ)

واتە: بۆ خودای گەورەی پەروەردگاری جیهان ڕەوایە سزای ئینسان بدات لەسەر گوناهی بچووك، وەك ڕەوایشە بۆی لە گوناهی گەورەی خۆش ببێ، چونکە خەڵق هەموو بەندەی ئەون و لەژێر دەستەڵات و کاری ئەودان، لیبووردن و سزادانیش، لە دەستەڵاتی ئەودان، خودا فاعیلی موختارە و چی دەکات دەیکات، (يفعل مايشاء ويحكم بما يريد).( المدرس: ۱۹۸۸ز، ٦٥٤).

وە لە کتێبی فضیلەدا دەفەرموێ:

| | |
|---|---|
| ولعن شخص بالخصوص لم يجز | لا عنه بالإطلاع لم يفز |
| ولا تجز تكفير أهل القبلة | من غير ما يبدو له من علة |
| كقول أو فعل أو اعتقاد | يوجبه لدى أهل اجتهاد |

واتە: نەفرەتکردنی کەسێکی تایبەت دروست نییە، .... پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەربێت) بە تایبەتی ئاماژەی بە کەس نەکردووە, وە دروست نییە خەڵکی قیبلە بە کافر بناسێنرێت بەبێ هیچ هۆکارێکی دیار.

نمونەی ئەو عەقیدە دامەزراوو پڕ لێبوردنە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەنگی دایەوەو بوە مایەی سەرنج و کەمەرکێشکردنی هەموان وەك پەروانە بەدەوری لالەیا، بۆ نمونە: ساڵێك جوولەکەکانی شاری هەڵەبجە دەیانەوێت پەرستگاکەیان نۆژەن بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەچنە لای شێخ حوسامەدینی نەقشبەندی لە خورماڵ و داوی لێدەکەن، کە هەندێك داریان لە باخەکەی خۆی بداتێ، ئەویش بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کە ئەوانە جولەکەن (40) داری سوورە چناریان پێدەبەخشێت. (لۆلۆ: مێژووی جوولەکە لە کوردستاندا، گۆڤاری خاك، ژ 113، ١٨)؛ ( خۆشناو: ۲۰۱٥ز، ٦).

تەنانەت ئەم هەڵوێستانە وای لە ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونوسان کردووە کە سەرسوڕمانی خۆیان بەرابەر لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستاندا دەربڕن؛ (ساسۆن حسقێل) لەبارەی هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە جولەکە دەڵێت : (( لەگەڵ ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا جوولەکەکان ئازار و ئەشکەنجە دەدران و ڕەشەکوژ دەکران، بەڵام بەپێی مێژوو و قسەی پیرە پیاوانی جوولەکەی کوردستان، نەتەوەی کورد زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی تر ڕێزی جوولەکەکانیان گرتووە، وەك هاووڵاتی کورد سەیریان کردوون و پاراستوونیان، هیچ کات بە چاوی سووك و بێگانە سەیری کوردە جوولەکەکانیان نەکردووە)). (صدیق: 2011ز، 58-59).
هەروەها (ژاك ریتۆرێ) کە لە ساڵی 1878 هاتۆتە کەرکوك، لەبارەی پێکەوەژیانی کەرکوکەوە دەنووسێت: (( ئێمە شادمانین کە دەبینین وێڕای هەمەچەشنەیی ئایینەکان، خەڵکەکە لە هارمۆنییەکی باش پێکەوەدەژین، موسوڵمانەکان هەر وەکو مەسیحییەکان بە قەشە دەڵێن وەستا، واتە سەردار، پیرە مەتران بەگشتی ڕێزلێگیراوە، من ئەوە تەواو سەراسیمەی کردم کە بینیم هاوسێ مسوڵمانەکان وەك باوکێك مامەڵەی لەگەڵ دەکەن )), ( بابان: 2012ز، 4/ 3 – 317).

**هۆکاری پێنجەم: تەریقەتی نەقشبەندی و مەولانا خالد گرنگیان بە چاکسازی ئەداو داوای ڕیفۆرمی دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتیان دەکرد.**

مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی بوون بە خاڵێکی گرنگ و وەرچەرخانێکی گەورە لە مێژووی گەلی کوردا، لە سەرەتاکانی سەدەی نوزدەدا ئەو کەسایەتیە و تەریقەتە سوفیگەریەکەی؛ تازە بوونەوەیەکی لەنێو ڕەوشی ئاینداری و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی میللەتی کوردا هێنایە کایەوە، کە هەتا ئێستا شوێن و کاریگەری بەڕونی دیارە؛ چاکسازیەکانی خودی مەولانا خالیدیش خۆی لەمزۆر خاڵدا دەبینێتەوە بەڵام ئێمە لێرەدا بەکورتی تیشك دەخەینە سەر چەند هەڵوێستێکی:
١- ڕووبەڕوبونەوەی پشتگوێخستنی سونەتی پێغمبەر(درودی خوای لەسەربێت): مەولانا خالد هەمیشە دژی ئەو شەتەحاتانە بووە کە لەلایەن صۆفیەکانی تەریقەتەکانی تری تەسەوفەوە ئەنجام دراون و پێداگری لەسەر ئیسلاح کردووە، هەربۆیە هەمیشە توشی بەریەك کەوتن بووە لەگەلیاندا؛ بۆ نمونە: لە مەکتووبی شەست و یەکدا دەفەرموێت: « خۆشەویستی بە ئەندازەی شوێنکەوتنە، شوێنکەوتنیش بە ئەندازەی وازهێنانە لە مونکەر و بیدعە »؛ هەروەها لە شامەوە لە وەڵامی نامەی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە لە کۆیە وەک لە نامەی پەنجادا هاتووە- دەنووسێت: « ئەگەر بە چاکەی خۆتان هەواڵمان بپرسن سوپاس بۆ خودا بەندە لە خۆشیدام، بەڵام لە داخی زۆری بیدعە دڵتەنگ و غەمبارم، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە یاوەرانمان پێم دەڵێن بەهاتنی ئێمە دەیەکی ئەو بیدعە خراپە نەماوە »، ئەمەش دەری دەخات کە مەولانا بەگیشتنی بەشام دەستی کردوە بە گۆڕینی ئەو ناڕەوایانەی لەو سەردەمەدا بونیان هەبووە. ( دەروێش، ٢٠٠٩ز، ٣٨٩).
هەروەها: لەنامەی (٦٣) دا کە بۆ دوو خەلیفەی خۆی لە بەغدا نووسیوە؛ بە ناوەکانی سەید عەبدولغەفوور و شێخ محەمەد ئەلجەدید، دەفەرموێت: « وەسیەتتان بۆ دەکەم و فەرمانتان بەسەردا دەدەم، بەتوندی خۆتان بە سوننەتی خۆشەویستەوە بگرن (سەلامی خودای لێ بێت) و، پشت لە نەریتی جاهیلیی و بیدعەی خراپ بکەن ونەخەڵەتێن بە شەتەحاتی سۆفییەکان »؛ ئەم وەسێتانەی مەولانا خالد بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر سوربونی لە پەیڕەوکردنی سونەتی پێغەمبەر( درودی خوای لەسەربێت) وە دورکەوتنەوە لە هەموو شتێکی ناڕەوا کە تێکەڵی ئایین بووە. (صالح, ، 2022م، ١٠٣)؛ (غریب: ٢٠١٨ز، ٦٤).
٢- ڕووبەڕوبونەوەی سیستەمی سیاسی و ئاینی ئەو سەردەمە: مەولانا خالد و تەریقەتی نەقشبەندی تاکە ئەلتەرناتیڤی دژ بە زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە سەیر کراوە، تەریقەتەکەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گەشەدابوو بە تایبەتی لەناوەندە زانستیەکان و خەڵکی بازاڕ و بازرگانەکان و چینەکانی کۆمەڵگا و ئەو توێژانەی کە ئاستی خوێندەواریان بەرزبوو؛ هەر بۆیە میرانی بابان دەیانویست ئەم بزاوتە نـوێیــەی مەولانا لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن و بیخەنە خزمەت دەسەڵات بۆ ئەوەی هیچ بزافیك لە ژێر قەڵەم ڕەوی بابانەکاندا پرسیار لە ڕەوایەتی ئەو دەسەڵاتە بکات و داوای نوێخوازی لە بابانەکان بکات لە پیادەکردنی دەسەڵاتیانداو سنورێك دابنێ بۆ ئەو ستەمەی کە لە خەڵك دەکرا، هەوڵەکانیان لەم ڕووەوە سەری نەگرت، دوای ئەوەی مەولانا خالد لەڕێگەی نوسینەوە بۆ سەرانی بابان و عوسمانی و قاجاری تەنانەت بۆ خودی شێخ مارفی نۆدێیی، کەوتۆتە ڕەخنەلێگرتن و سەرکۆنەکردنی سیستەمە سەپاوەکە و هۆشیار کردنەوەی سەرتاپای خەڵك؛ بەو هەنگاوەی مەولانا تەریقەتی نەقشبەندی وەکو ڕێبازو هێزێکی بەرهەڵستکار بەرەو ڕوی سیستەمی سیاسی و ئاینی بابان بۆوەو هەوڵی گۆڕینی ناڕەوای دەکر هەمیشە.
٣- ڕووبەڕوبونەوەی وەرگرتنی بەخششی کاربەدەستان: دەسەڵاتدارانی عوسمانی زۆر کاریان لەسەر ئەوە دەکرد کە پیاوە ئایینیەکان خاوەن نفوزەکان وسەرۆك خێڵ و ڕەمزە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێگەی موڵك و تاپۆکردنی گوندو ناوچەکان لەسەر خۆیان کۆبکەنەوەو چاو بنوقێنن بەرانبەر ستەموو ناڕەواکانیاندا، بەڵام مەولانا خالید نەک هەر ئەو ڕەوشەی قبول نەکرد، بەڵکو زۆر بەتوندی بەگژ ئەو حاڵەتەدا چووەوە؛ وە داوای لەموریدو شوێنکەوتوانی و موسڵمانان کرد کە خویان و دینەکەیان زەلیل نەکەن بۆ مەبەستی دنیایی پەنا بۆ خاوەن دەسەڵات و کەسانی دەست ڕۆیشتوو نەبەن ولێیان دووربکەونەوە و دوعای خێرو ئیصلاحیان بۆ بکەن.

sjh@univsul.edu.iq

مەولانا لەو نامەیەدا کە لە شامەوە بۆ موریدەکانی لە بەغدا دەنێرێت؛ وەک نامەی مالَئاوایی وایە و کرۆکی پرۆژە ئیصلاحیەکەی لەخۆگرتووە و بەراشکاوی دەڵێ: (( پشت بکەن لە هەموو نیشانەکانی جاهیلیەت و کردەوەی بێبنەما، وە فەرمانتان پێ دەدەم کە هەرگیز مەغرور مەبن بە پەیداکردنی هێزێک لە تەصەوفدا، هەروەها تێکەڵی کەسانی بەرژەوەندخواز مەکەن ئەوانەی داواتان لێ دەکەن بۆیان بپارێنەوە لای دەسەڵاتدارێک بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆیان، هەروەها تێکەڵی پاشاکان و دەسەڵاتدار و ئاغاکان مەکەن چونکە دەسەڵاتی ئێوە لەو ئاستەدا نیە کەبتوانن ئیصلاحی ئەوانە بکەن، هەروەها لەمڕۆ بەدواوە هیچ کەسێک لەوان و دەست و پیوەندەکانیان مەخەنە ناو تەریقەتەوە، هەروەها ئەو بازرگانانەش کەخەریکن بە ڕابواردنی دونیاوە و لە ئارزوبازیدا نوقم بوون، هەروەها ئەو زاناو خوێندەوارانەش کە زانستەکانیان کردووە بەهۆی بەدەستهێنانی پۆست و کۆکردنەوەی دونیا هەروەها ئەو بێکارانەش کە بەهۆی تەمبەڵیەوە کارێک ناکەن و ئەبن بەئەرک بەسەر خەڵکەوە کە گوایە پیاو چاک و ئەهلی خوان هەتا خەڵک خزمەتیان بکات...)).

٤- ڕووبەڕوبونەوەی ڕەوشی ئاینی ڕواڵەتی، گۆشەگیری لە خواپەرستیدا: لەگەڵ پێگێشتن و تێگێشتنی مەولانا لە دەوروبەری ئاینی وڵاتەکەی هەستیکرد کە بارودۆخی ئاینی لە قەیراندایە کە زیاتر گرنگیان بە هەندێ شتی ڕواڵەتی داوەو ئیسلامێکی گۆشەگیری بەرهەمهێناوە، کە پێچەوانەی پەیامی ئیسلامە، چونکە توانای تێرکردنی ژیانی روحی و چاکسازی کۆمەڵگەی لەدەستداوە، بۆیە هەوڵی ڕێبازێکی پێشکەوتوی دا تا ببێتە داینەمۆی لە ئاستی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و بەرەنگاربونەوەی نادادی و ستەمی ئەو سەردەمە.(مودەریس،٢٠١١ز، ١/ ٣٥٦-٣٥٨)؛ (فەتاح: ٢٠١٩ز، ١٣٢ -١٣٦)، (صالح: 2022م، ٩٩-١١٥)؛ (دەروێش،٢٠٠٩ز، ل ٣٧٩-٣٩٥)؛ (جەعفر، ٢٠٠٩ز، ٢٢٣-٢٧١).

**بەشی دووەم**

**میتۆدی مەولەوی بۆ گۆڕینی ناڕەوا و کۆششەکانی لەم بوارەدا**

**تەوەری یەکەم: میتۆدی مەولەوی بۆ گۆڕینی ناڕەوا لە کتێبی فەضیلەدا:**

**باسی یەکەم: گۆڕینی ناڕەوا لە زانستی مەقاسیدا:**

ڕێکەوتنێك هەیە لە نێوان زانایاندا لەسەر ئەوەی کە مەبەستەکانی شەریعەت لە بازنەی ئەو بەرژەوەندی و ئامانج و پەندانەدایە، کە یاسادانەر مەبەستی بووە لە دانانی شەریعەتدا. (عودە: ٢٠١٩ز، ٣٦).

هەروەها زانایان ( گۆڕینی ناڕەوا ) وەك: شعیرة، فریضة دادەنێن، وە بە پایەی شەشەمی ئیسلام باسی دەکەن، هەرچەندە کۆدەنگ نین لەسەر حوکمی شەرعی کارپێکردنی و ڕای جیاوازیان هەیە لەوبارەیەوە، زۆرینە دەڵێن: فەرزی کیفایەیەو ئەگەر کۆمەڵێك پێی هەڵسان ئەوا ئەرکی شەرعی لەسەر کۆی خەڵك دەکەوێ، وەلێ کەمینە دەڵێن: فەرزی عەینەو دەبێت هەموان پێوەی سەرقاڵبن، چەند زانایەکیش دەڵێن: لە هەندێک حاڵەت و هەڵوێستدا دەبێتە فەرزی عەین و لە هەندێکی تریشدا فەرزی کفایەیە.

دیارە گۆڕینی ناڕەوا ئەچێتە ژێر بابەتی دابەزاندنی حوکمی شەرعی بۆ سەر زەوی، کە لە زانستی ئوصولی فیقهدا پێی دەوترێت: (تحقیق المناط) بۆیە بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئاماژەیەکی کورتی پێبدەم: بۆ دۆزینەوەی (علة) پێویستە سێ هەنگاو بگیرێتە بەر؛ یەکەمیان: دۆزینەوەی علە (تخریج المناط)، دووەمیان: پاك کردنەوەی علەکە لە هەموو ئەو شتانەی کە علە نین، کە پێی دەڵێن: ( تنقیح المناط), خاڵی سێیەم و کۆتایی بریتیە لە دابەزاندنی حوکمە شەرعیەکە بۆ سەر زەوی؛ کە پێی دەڵێن: ( تحقیق المناط), لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئایا کێ ئەو حوکمە دادەبەزێنێتە سەر زەوی؟ وە ئەم کارە ڕوو لە کێ دەکات؟ (شاهۆیی، ٢٠٢١ز، ٧٤).

هەندێك جار گۆڕانکاری ڕوو لە سەرکردایەتی وڵاتە دەکات؛ وەك بڕیاردان لە ڕەتکردنەوەی دەستدرێژی و پێشێلکردنی وڵاتان بۆ سەر سەروەری وڵات، کە خوای گەورە دەفەرموێ: (( وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوۡمٍ خِيَانَةً فَٱنۢبِذۡ إِلَيۡهِمۡ عَلَىٰ سَوَآءٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡخَآئِنِينَ )) ( الأنفال: 58), ئەو کەسەی پەیمانەکان دەبەستێت و شەڕ ڕادەگەیەنێت و ئاگربەست و ئاشتی واژۆ دەکات و بڕیارەکان دەردەکات, هەروەها وەك (قەدەغەکردنی ڕێپێدراوەکان)، وەك: قەدەغەکردنی هەڵگرتنی گۆشتی قوربانی وە خواردنی لە پاش سێ ڕۆژ بەهۆی گرانی لەو ساڵەدا؛ ئەوە لایەنی حوکمدارێتی ووڵاتە؛ لێرەدا گۆڕینی ناڕەواکان پەیوەندی بە تاکەکانەوە نییە و دەوڵەت بەرپرسە لەم گۆڕانکارییە.

وە زۆر جار گۆڕانکاری ڕوو لە زانایانی وڵات دەکات، بۆ نمونە: خوای گەورە دەفەرموێ: (( وَإِنۡ خِفۡتُمۡ شِقَاقَ بَيۡنِهِمَا فَٱبۡعَثُواْ حَكَمًا مِّنۡ أَهۡلِهِۦ وَحَكَمًا مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن يُرِيدَآ إِصۡلَٰحًا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيۡنَهُمَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا )) (النساء: 35), خطابەکە لەم قۆناغەدا ڕوو لە ناوبژیوانان دەکات و دەفەرموێ: ئەگەر دەزانن ناکۆکی یان ناکۆکی و دوژمنایەتی لە نێوان هاوسەرەکاندا هەیە، دوو ناوبژیوان بنێرن: یەکێکیان لە خێزانی پیاوەکەوە، ئەوی تریان لە خێزانی ئافرەتەکەوە، بۆ ئەوەی هەوڵی ئاشتکردنەوەی نێوانیان بدەن دوای لێکۆڵینەوە لە دۆخی ڕاستەقینەی نێوانیان.

sjh@univsul.edu.iq

وە هەندێ جاری تر گۆڕانکاری ڕوو لە خودی تاکەکان دەکات، تاك لەو کات و شوێنەدا دەتوانێت بڕیار بدات لە سەر حوکمی شەرعی خۆی، بۆ نمونە: خوای گەورە دەفەرموێ: (( ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِيَ ٱلْعَنَتَ مِنكُمْۚ )) (النساء: 25), واتە: هەرکەسێک ترسی لە سەختی یان کەوتنە ناو گوناهەوە هەبێت ئەگەر هاوسەرگیری نەکات، ئەوا کەسەکە بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی خۆی بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکات، کە خۆی لە باروو دۆخی خۆیدا باشتر دەزانێت، وەك پێغەمبەر دەفەرموێ « ڕاوێژ بە دڵی خۆت بکە تەنانەت ئەگەر فەتوایشت پێ بدەن»،(إمام أحمد گێڕاویەتیەوە بە ژمارەی: 17545)، لێرەدا لێکۆلینەوە لە کارەکان وە هەڵوێست وەرگرتن لە ئەستۆی تاکەکانە، هەر کەسەو لە پێگەو شوێنی خۆی و بە پێی تواناو بۆڕەخسانی.؛ کەواتە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وڵات وە زانایان وە تاکەکان هاوبەشن لە گۆڕینی ناڕەوادا . (بن بیه, 2011م, 7).

پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەربێت) لە فەرمودەیەکدا زۆر بەووردی مەقاسدی شەریعەتی لە گۆڕینی ناڕوادا ڕونکردۆتەوەو مرۆڤایەتی چواندوە بە کۆمەڵێك سەرنشینی کەشتیەك، وەك دەفەرموێ : « نوعمانی کوڕی بەشیر (خوای گەورە لێیان ڕازی بێت)، لە پێغەمبەرەوە (سەلامی خوای لەسەر بێت)، دەگێڕێتەوە، فەرمویەتی:

« وێنەی کەسێ کە سنووری خوای گەورە دەپارێزێ، لەگەڵ کەسێکی دی کە کەوتۆتە ناو حەرام و قەدەغەکراوەکانەوە، وەکو کۆمەڵە کەسێك وان لەناو کەشتییەکدا، هەندێکیان لەبەشی سەرەوەی کەشتییەکن و هەندێکی تریان لە خوارەوە، ئەوانەی خوارەوە ئەگەر پێویستیان بەئاو هەبێ دەبێ بچنە سەرەوە تا ئاو هەڵبگۆزن، وە دەڵێن: ئەگەر ئێمە کونێك بکەینە کەشتییەکە، ئەوا ئاومان دەست دەکەوێت و پێویستمان بەوە نابێت کەداوا لەوانەی سەرەوە بکەین، کەواتە، ئەگەر وازیان لێ بهێنرێ نیازەکەیان بەرنەسەر هەموویان لەناودەچن، بەڵام ئەگەر دەستیان بگرن نەهێڵن وابکەن ئەوا خۆیشیان و ئەوانیش ڕزگاریان دەبێ» . (بوخاری : ژمارەی فەرمووده: 2493).

لە بارودۆخی خەڵکی کەشتییەکەدا؛ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) بە ڕوونی بنەمایەکی بۆ هەموو مرۆڤێکی خاوەن ژیری دامەزراند، کە چاکەی مرۆڤ لە خۆیدا بەس نییە، بەڵکو پێویستە لەسەری چاک بێت، و چاکسازیخواز بێت، تا ڕێگە نەدرێ خراپەکاران خراپە بڵاوبکەنەوە.

کەواتە فەرمان بە چاکە و گۆڕانکاری لە ناڕەوا دەبێتە قەڵغانێك بۆ پارێزگاری کردن لەپێنج بنەما سەرەکیەکە کە لە زانستی مەقاسیدا پێی دەگوترێ (الضروريات الخمس) کەبریتین لە پاراستنی : ( ئاین، گیان، ئەقڵ، وەچەو کەسێتی، سامان)، ئەگەر کەس هەڵنەسا بە گۆڕینی ناڕەوا ئەوا خودی ژیانی مرۆڤ لەناو دەچێت، وە کۆدەنگی لە نێوان زانایاندا هەیە کە پاراستنی ئەو زەروریانە مەبەست و ئامانجی هەر شەریعەتێکی ئاسمانیە. (عوده: ٢٠١٩ز، ٣٦ )؛ (عبدالعزيز: ٢٠١٨، ١٧).

هەروەها (گۆڕینی ناڕەوا )و مەبەستە شەرعیەکانی لە قورئاندا زۆر بە گرنگ گیراوە و پانتاییەکی زۆری پێدراوە، بە مانای جیا لە دەیان جێگەو پێگەدا باس کراوە، وە دەقەکانی قورئانی پیرۆز لەو ڕووەوە دەکرێن بە سێ بەشەوە:

بەشی یەکەم/ تەنها (١٠) ئایەت لە قورئاندا بە ( الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر) پێکەوە هاتووە لەو ١٠ ئایەتە تەنها ٣ سێ ئایەتیان مەکییەو ٧ حەوت ئایەتەکەی دیکە مەدەنین، ئەو ٣ سێ ئایەتە مەککیە بریتین لە ( ١٥٧ و ١٩٩ ی الأعراف، ١٧ ی لقمان) و ٧ حەوت ئایەتە مەدەنییەکەش بریتین لە ( ١٠٤ و ١١٠ و ١١٤ ی آل عمران، ٦٧ و ٧١ و ١١٢ ی التوبه ، ٤١ ی الحج), تێبینی: ئایەتی ١٩٩ ی الأعراف تەنها باسی العرف واته المعروفه.

هوکاری سەرەکی کەمی ئایەتە مەکییەکان ئەگەڕێتەوە بوئەوەی کە قورئان لە قۆناغی مەککەدا زیاتر بایەخ ئەدات بە عەقیدە و ئیمان و خۆڕاگریی و دامەزراندنی ژێرخانی کەسایەتی تاکی ئیمانداری تۆکمەیی و خوڕاگری، لەبەر ئەوە زۆر کەم باس لە معاملات و باری کەسی و بابەتە گشتییەکانی ژیان کراوە.

بەشی دووەم/ لە (المعروف) یان (معروف) بەتەنها هاتووە، ئەمجۆرە زۆرترینە لە قورئاندا، ئەو دەقە قورئانییانەی کە تەنها دەستەواژەی معروفی تێدا هاتووە، بریتین لە ٢٧ ئایەت، زیاتر بابەتی کومەڵایەتی و مامەڵە و باسی مافی ژنە لە بابەتەکانی نیکاح و تەڵاق و مارەیی و موڵک و سامان...هتد، زۆربەیان لەو بوارانەدان.

ئەمەش لەبەرئەوەیە لە دونیای ئەو سەردەمەدا بە گشتی و لە نەفامی عەرەبدا بەتاییەت مافەکانی ژن نەک پارێزراو نەبوون، بەڵکو وەک گیانلەبەران هەندێک جار مامەڵەیان پێوەکراوە، بۆیە قورئان ئەو مافانەی نەداوەتە دەست عورف و ئیجتیهادی مسوڵمانان، بەڵکو بۆخۆی بەدەقی ڕاست و ڕەوان مافەکانی چەسپاندووە.

بەشی سێیەم/ ( المنكر ) یان ( منكر= ناڕەوا) بەتەنها هاتووە، ئەو ئایەت و دەقانە تەنها ( ٧ )دەقن، ئێمە لێرەدا تەنها لەسەر جۆری سێیەم دەوەستین باسی (منكر= ناڕەوا) ؛ بەهۆی ئەوەی بابەتەکەمان لەسەر (گۆڕینی ناڕەوایە) هەروەها وەستان لەسەر سەرجەم ئایەتەکان توێژینەوەکە لە قەبارەی ڕێپێدراوی خۆی دەردەچێ، دەقەکان بەپێی تەرتیبی سورەتەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن:

١-**ئایەتی ٧٨-٧٩ سورەتی المائدة:** (( لُعِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ لِسَانِ دَاوُۥدَ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۚ ذَٰلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعۡتَدُونَ ٧٨ كَانُواْ لَا يَتَنَاهَوۡنَ عَن مُّنكَرٖ فَعَلُوهُۚ لَبِئۡسَ مَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ))، مەبەست لە (( منكر )) ئەوەیە کە بەنی ئیسرائیل بەهۆی سنوور بەزاندن و گوناهی دووبارەی زۆرەوە تووشی کومەڵێک نەخۆشی و لادانی زۆرەوە بوون، یەکێک لە خەسڵەتەکانیان ئەوەبوو کە، هەر کارو ڕەفتارێکی مونکەر و نەشیاو بکرایە کەس ڕێگری لێ نەدەکرد، کەواتە گوناهو سنوور بەزاندن و زوڵمکردن وەک عورف و مۆدە بێ ڕێگریی و بەرهەڵستکاریی باو بووە.

٢- **ئایەتی ٩٠: النحل:** (( إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ )), مەبەست لە (منكر) ئەوەیە هەر کار و ڕەفتارێک پێچەوانەی فیترەت بێت بەشێوەیەکی گشتی.

٣- **ئایەتی ٧٢: الحج:** (( وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٖ تَعۡرِفُ فِي وُجُوهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلۡمُنكَرَۖ يَكَادُونَ يَسۡطُونَ بِٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِنَاۗ قُلۡ أَفَأُنَبِّئُكُم بِشَرّٖ مِّن ذَٰلِكُمُۚ ٱلنَّارُ وَعَدَهَا ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ )), مەبەست لە(منكر) لێرەدا ئەوەیە کە هەرکات ئایەتەکانی خوای گەورە دابەزیبایە، دەموچاوی موشریکەکان عەبووس دەبوون و تێکدەچوون، دەم و لوتیان دەدا بەیەکدا.

٤- **ئایەتی ٢١: النور:** (( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ وَمَن يَتَّبِعۡ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِۚ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنۡ أَحَدٍ أَبَدٗا وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّي مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ))، مەبەست لە(( منكر )) لێرەدا بریتییە لە هەر کار و هەڵوێستێک شەرعی نەبێت یان پێچەوانەی عەقڵی سەلیم بێت.

٥- **ئایەتی ٢٩ : العنكبوت:** (( أَئِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ وَتَقۡطَعُونَ ٱلسَّبِيلَ وَتَأۡتُونَ فِي نَادِيكُمُ ٱلۡمُنكَرَۖ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوۡمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُواْ ٱئۡتِنَا بِعَذَابِ ٱللَّهِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ))، مەبەست لە(( منكر ))لێرەدا بە زۆر گشتگیرە و زۆربەی ئەو کار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتە ناشرین و بێزارانە دەگرێتەوە کە بە ئاشکرا لەناو یانە و نادییەکاندا دەیانکرد و، وەک عورفێکی قێزەون ڕەفتاریان پێدەکرد لەوانە، نێربازیی و گاڵتە بە یەککردن و، فیکە کردن لەیەکتر و، تانە و تەشەردان و بەیەکتریێکەنین.

٦- **ئایەتی ٤٥: العنكبوت:** (( ٱتۡلُ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِۗ وَلَذِكۡرُ ٱللَّهِ أَكۡبَرُۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تَصۡنَعُونَ ))، مەبەست لە (( منكر )) لێرەدا بابەتێکی زۆر گرنگ و هەستیارە، زۆر بنەڕەتییە، ئەویش باسی پێگەی نوێژە لە دین و شەرعدا و، کاریگەری نوێژە لە ژیانی ئیماندار و پێناسەیەکی تێر و تەسەلە بۆ نوێژ، کە نوێژی تەواو دروست ئەو نوێژەیە کە ڕێگری دەکات لە هەموو جۆرە مونکەرەکان لە گەورە بۆ بچووک.

٧- **ئایەتی ٢: المجادلة:** (( ٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَآئِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَٰتِهِمۡۖ إِنۡ أُمَّهَٰتُهُمۡ إِلَّا ٱلَّٰٓـِٔي وَلَدۡنَهُمۡۚ وَإِنَّهُمۡ لَيَقُولُونَ مُنكَرٗا مِّنَ ٱلۡقَوۡلِ وَزُورٗاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٞ ))، مەبەست لە (( منكر )) لێرەدا ئەوەیە، کە قورئان( ظهار )بە مونکەر ناودەبات، واتە قسەیەکی نەشیاو و نەگونجاو ناشرین و درۆ و بوختان.( ڕەئوف، ٢٠٢٢، ٣٥).

**باسی دووەم: گۆڕینی ناڕەوا لە زانستی کەلامدا:**

زانستی کەلام: بە شێوەیەکی گشتی ئەو زانستەیە کە لە بیروو باوەڕە بنەڕەتیەکانی ئایینی ئیسلام ئەدوێ، جگە لەم ناوە زانیاری تەوحیدو ئوصولی دینیشی پێ ئەڵێن؛ وە هەوڵدانە بۆ گرێدانی هۆش و ژیری مرۆڤ لەگەڵ دەق و چەمکە ئاینییەکان، بە مەبەستی بنیاتنانی تێگەیشتنێکی مەعقوول سەبارەت بە خودا، بە جیهان، بە چارەنووس و بڕواهێنان بە پێغەمبەران وەک کەسانی هەڵبژاردە و هەرچی پەیوەندیی بەمانەوە هەبێت لە زانست و مەعریفەی سەردەمەکان،( بەرزنجی، ٢٠٢٤ز، ٧).

ئەم زانیارییە لە سەرەتاوە بەشێوەیەکی سادە بووە و قووڵ دانەچووە لە بەراورد و ڕاڤە و بەڵگەدا؛ چونکە ئەو گومان و دوودڵییانەی کە ئەیویست چارەسەریان کات، پێویستیان بە لەوە زیاتر نەئەکرد، بەڵام دوای وەرگێڕانی فەلسەفەی گریکیی گەلێ تەنگ و چەڵەمەی نوێ هاتنە کایەوە، کە پێویستیان بەلێکوڵینەوەیەکی قووڵتر ئەکرد.

پاش ئەوەی زانستی کەلام گەیشتە هەرە لوتکەی بەرزی خۆی وە چەندین زانای پایە بەرزوو گەورەیان تێدا هەڵکەوت وەك ( قازی ئەبوبەکری باقیلانی، ئیمامی جوەینی، ئیمامی غەزالی، شەهرستانی، ئامێدی، ئیمامی ڕازی، بەیزاوی، قازی عەزودی، تەفتازانی، سەیید شەریفی جورجانی ) وە شوێندەستی ئاشکرایان هەبوو لە گەشەسەندنی ئەم زانیارییە، تا بەم جۆرە کۆمەڵێکی نوێ لە ڕێبازوو کۆن لە بروادا دروست بوون و ناونران: ئەهلی سوننەت و جەماعەت وە یان ئەشعەریەکان کە لەزۆربەی بیروڕایاندا لە ڕێوشوێنێ ئەبو حەسەنی ئەشعەریەوە ئەڕۆیشتن. (عمر، ١٩٨٥ز، ٧).

سید عبد الرحیمی مەولەوییش بە دەوری خۆی بەسەر ئەم زانستە تەواوەدا هات و بەئاسانی توانی خۆی لە خوانی ڕازاوەی تێرکاو بەهرەیەکی باشی تێدا بەدەس بێنێ، وە لەبەر ئەوە بەهرەیەکی یەکجار سەرکەوتووی شیعرییشی هەبوو، ویستی سوودی لێوەرگرێ بۆ خزمەت کردنی زانیاریی کەلام؛ هات سەر لە نوێ داڕشتەوە بەو زمانەی کەئەیزانین، بەڵام دەبێ ئەوە لەیادنەکەین کە مەولەوی بۆ خۆی داهێنەری میتۆدێکی تایبەتی لێکۆڵینەوە نەبوە، بەو مانایەی ڕێبازێکی نوێی لە کەلام و ئوصولدا مەترەح کردبێت، ئەو لەم ڕووەوە زانایەکی بەدوادا چووی پێشینان بووە، لە ژینگەی حوجرەکانی کوردستاندا کە بارگاوی بووە بە بیری ئەشاعیرە و ماتوریدییە و ئوصولی فیقهی موتەکەللیمینی سەدەکانی دوایی و تەسەووفی غەزالی و قوشەیری و لە ژێر کاریگەریی

نووسینەکانی عەزود و سەعد و سەیید شەریف و جەلالەدینی دەووانی و ئەوانی تردا هەناسەیداوە، بەو جیاوازییەی ئەم نەفەس و جۆش و خرۆشیکی شاعیرانە و عاریفانەی تایبەت بەخۆی هەبووە و بەکارهێناون بۆ دارشتنی عەقیدەی ئیسلامی و بەرگری لە دیدگای ئەهلی سوننەت و جەماعەت و بەرپەرچدانەوەی موعتەزیلە و شیعە و فەیلەسووفان و سوفیستەکان بەم میتۆدەی لە چوارچێوەی دیاریکراوی زانایانی پێش خۆی دەرناچێت و بەتەواوی پابەندە و دەستی پێوەگرتوون، وەك لەسەرەتا و کۆتایی هەردوو مەنزوومەکەی الفضیلة و عەقیدەی مرضیەدا بەڕونی دیارە، وە کۆمەڵێك دانراوەی لەو بوارەدا داناوە.(بەرزنجی: ٢٠٠٦ز، ٦١).

سید عبدالرحیمی مەولەوی لە کتێبی الفضیلە: لاپەرە (١٤٧)، وە لە کتێبی الوسیله فی شرح الفضیلەدا: لاپەرە (٨٠٤)باسێکی تەرخانکردووە بۆ گۆڕینی ناڕەوا، وە تیشکی خستۆتە سەر مەرجەکانی و میتۆدی پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەربێت)، لەم بارەیەوە، وەك دەفەرموێ:

مَنْ ذا الّذي ذو غَيْرة تراهُ ؟ يغيّرُ المنكرَ إذ يراهُ
باليدِ فاللسانِ فالجنانِ وكان ذاك أضعفَ الإيمانِ
وشرطه أن لا يؤديّ الى مفسدةٍ وظَنّ أن تُقُبِّلا
ويُتبعُ الأمرُ ونهيُ النّاهي لما به أمر والمناهي
وَجَبَ في الواجب والحرامِ ولم يجب في سائر الأحكام
واتبعوا أثر النبيّ المرتضى في كلّ موقع على ما اقتضى
بالجهر والخفية والمجاملة واللينٌ والغلظة والمجادلة
لكنكم كونو بكل حال لله خالصين خلو البال
والله ستار فلا تجسسوا لا تفرحوا لا تأمنوا لا تيأسوا

پوختەی مانا:

دیارە کە بوونی (گۆڕینی ناڕەوا) لە کۆمەڵگاکاندا دیاردەیەکی سروشتییە و کاری کەسانێکە کە غیرەت لەگەڵ قوڕی لاشەیاندا شێلابێت، کاتێك کە ناڕەوایەك دەبینێت هەوڵی گۆڕینی دەدات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم کارە ئەوەندە سانایە هەرکەس بیەوێ بەبێ زانست و بەپێی بەرژەوەندی خۆی پێی هەڵسێ، چونکە ئامانجی گۆڕینی ناڕەوا ئامانجێکی گەورەیەو ژیانی مرۆڤەکانی پێوە گرێدراوە، هەربۆیە پێغەمبەری خودا، (درودی خوای لەسەر بێت)، شێوازی گۆڕانکاری و میکانیزم و ئامرازوو پلەکانی بۆ ڕوونکردوینەتەوە، تا کۆمەڵگەکان لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەدا بەلارێدا نەچێت و ئارامی کۆمەڵگەییان نەشێوێت، وەك دەفەرموێت: (( هەریەکێ لەئێوە کارێکی ناڕەوای بینی با بەدەستەکانی بیگۆڕێ، ئەگەر نەیتوانی با بەزمانی بیگۆڕێ، ئەگەر هەر نەیتوانی، با بە دڵی پێی ناخۆش بێت، کەئەمەیان لاوازترینی پلەکانی ئیمانە))، کەواتە بەپێی ئەم فەرموودەیە دەردەکەوێ کە پلەکانی گۆڕینی ناڕەوا سێ پلەیە:

**پلەی یەکەم: گۆڕینی ناڕەوا بەدەست:**

(( من رأى منكم منكرا فليغيره بيده ))، بەمانای: هەر تاکێکی موسوڵمان، - چ نێر چ مێ- کارێکی ناڕەوای –حەرام- بینی؛ با بیگۆڕێ بە دەست و بەهێز - ئەمرەکە بۆ وجووبە-، ئەم گۆڕینەش دەبێ لە ڕوی شەرعەوە بێت نەک بە گۆترە، وە یان بەعەقلی ڕووت.

هەمیشە کە باس لە گۆڕینی ناڕەوا دەکرێت لە کتێبە فیقهەیەکاندا دوو نمونە زۆر دوبارە دەبێتەوە، کە ئەوانیش: ئەگەر کەسێکت بینی مۆسیقا لێدەدا، یاخود شەراب دەخوات؛ پێش ئەوەی ئامێرەکەیان بشکێنیت یاخود شەرابەکەی برژێنیێ؛ دەبێت سەرەنجامی کارەکەت بزانیت؛ نەبادا ناڕەوایەکی گەورەتری لێبکەوێتەوە، لە ڕاستیدا ئەم فەرمودەیە زۆر لەو دوو نمونەیە گەورەترە؛ چونکە هەر نمونەی یەکەم کە لێدانی مۆسیقایە؛ ناکۆکی تیادایە لەنێوان زانایاندا لە نێوان حەرامی و حەڵاڵیدا، وەمەقسەدی چەمکی گۆڕینی ناڕەوا لە ئیسلامدا زۆر فراوانەو مەبەستێکە بۆ بنیاتنان و سەقامگیرکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و ئارام، کە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە هاوبەشن لە بنیادنانی بوارەکانی ئابوری و رامیاری و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی وئاینی ... هتدا.

وە هەندێك لە زانایان لە ڕوویەکی ترەوە مانای ئەم فەرموودەیە بەرتەسك دەکەنەوە، کە دەڵێن: گۆڕانکاری بەدەست تەنها ئەرکی دەسەڵاتە، دیسانەوە ئەم زانایانە کەوتونەتە هەڵەیەکی ترەوە، چونکە لە ئیسلامدا هاوڵاتی ئاسایی و دەسەڵات و زاناکان تەواوکاری یەکترن و سەرجەم دەسەڵاتەکان قۆرخ نەکراوە لای دەسەڵات، بەڵکو هاوڵاتیش بەشدارە لە جێبەجێکردنیدا، وە بەشێك لە دەسەڵاتی

دەوڵەت لای هاوڵاتیە، تا هەست بکات بە هاونیشتمان بوونی و پابەندبوونی بەو خاك و ئاوە، کە بەداخەوە لەم ڕۆژگارەدا زۆر کاڵ بۆتەوە، ئەگەر نەڵێین نەماوە.

باشە ئەگەر بڵێین گۆڕینی ناڕەوا تەنها لای دەسەڵاتە؛ ئایا تا چەند دروستە کەسێك ببینین کە شەرەفی کەسێك پێشێل دەکات؛ هەوڵ نەدین ڕێگری لێبکەین؟ یان گیرفانبڕێك ببینین کە گیرفانی سەرنشینێک یان پیادەڕۆیەک دەبڕێ و هەوڵنەدەین بۆ دەستگیرکردنی؟ یان ببینین کەسێك ئازاری بێدەسەڵاتێك یان ئاژەڵێك دەدات و هەوڵی پارێزگاری نەدەین؟ یاخود ببینین کەسێك لە ساتەکانی نائومێدیدایەو خەریکە خۆی دەکوژێت، نەچین بەدەمیەوەو ڕێگری لێنەکەین؟... هتد.

وە ئەگەر بێینە سەر ژیانی ڕۆژانەش دەبینین چەندین نمونەی زیندومان هەیە؛ وەك: پارێزگاریکردنی ژینگە بە: لابردنی پیسی لە سەر جادەو شوێنە گشتیەکان و مزگەوت و قوتابخانەو زانکۆکان و هەڵوێست وەرگرتن بۆ داخستن یان چارەسەرکردنی دوکەڵی کارگەکان....هتد، کە ئەم کارانە دەیان فەرموودەی لەسەرە وەك پێغەمبەر دەفەرموێ : (لابردنی شتە زیانبەخشەکان لەسەر ڕێگا کارێکی خێر خوازییە)، کەواتە گۆڕینی ناڕوا (بەدەست) مانایەکی فراوانترو مەودایەکی گەورەتر هەڵدەگرێ.

هەروەها ناوچەیەکی فراوانتری بەکارهێنانی دەست هەیە، کە ناوچەی دەسەڵاتی دادوەرییە، کە مافی ئەوەی هەیە لە کاتی ڕودانی حاڵەتە سنووردار و تایبەتەکان دەست بەکاربهێنرێت، بۆ ڕێگریکردن لە خراپەی خراپەکاران کە ئەمە بابەتێکی فراوانە و لە بەشی جیهاد وە بەشی سزاو تاوانەکان لە فیقهی ئیسلامیدا باسکراوە.

**پلەی دووەم: گۆڕینی ناڕەوا بەزمان:**

ئەگەر نەیتوانی ئەو ناڕەوایە بەدەست بگۆڕێ، وەك ئەوەی لە ژیانی یان سامانی دەترسا ( فإن لم يستطع فبلسانه )، ئەوا با بە زمان گۆڕانکاری بکات.

دیارە ئامرازی دووەم بۆ گۆڕینی ناڕەوا بریتیە لە زمان، کە لەم ڕۆژگارەی ئێستەماندا ئامرازێکی زۆر بەسودو کاریگەرە؛ چونکە (وشە) هەمیشە هەست و سۆزی بەرانبەر دەوروژێنێ، وە لۆژیکێکە بۆ قایلکردنی بەرانبەر، کە ئەم ئەرکەش جارێکی تر دەکەوێتە سەرشانی تاکەکانی کۆمەڵگە؛ بەتایبەتی قسە ڕەوان و زانایان جا چ بەهۆی وتاری هەینیەوە بێت یاخود مامۆستا لە قوتابخانەو زانکۆ، یاخود لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، یان لە ڕێگەی شۆشیال میدیاوە کە سەرنجی گەنج لەم ڕێگەیەوە زۆرترینە، ئەمڕۆ شۆشیال میدیا بە سەرجەم جۆرەکانیەوە کاراکتەرێکی زۆر بەهێزە بۆ گۆڕانکاری لە ناڕەواکان.

**پلەی سێیەم: گۆڕینی ناڕەوا بەدڵ:**

( فان لم يستطع فبقلبه ) ئەگەر توانای دەمکوتکردنی نەبوو، ئەوە پێویستە بە دڵ و بەنهێنی ڕقی لەو ستەمە بێت؛ (وذلك أضعف الإيمان) ئەوە لاوازترین حاڵەت و دوا پلەی نزمی ئیمانە، واتە: ئەگەر بەدڵ ڕقی نەبوو لێی ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئیمانی لاوازە، چونکە ئەگەر بۆ دەست و زبان مەرجێک هەبێت، ئەوا مەرج بۆ دڵ و دەروون نییە.

بەداخەوە زۆر کەس وادەزانێ کە گۆڕین بە (دڵ) مەوداکەی زۆر کەمەو ناتوانێ هیچ گۆڕانکاریەك ئەنجام بدات، بەڵام بە پێچەوانەوە؛ دڵ دەتوانێت کاریگەری زۆری هەبێت، بۆنمونە ئەگەر هەلومەرجێک ڕێگر بوو لە بەکارهێنانی دەست یان زمان؛ ئەوا دەبێت گۆڕانکاری لە ناڕەواکان بەدڵ بکرێت؛ تا ئەو جێگایەی کە دەکرێت و دەتوانرێت، هەر لەبەر ئەم گرنگیەیە هەندێك لەزانایان پلەی گۆڕینی ناڕەوا بەدڵ بە گرنگتر دەزانن لە دوو پلەکەی تر، چونکە دڵ داینەمۆی پاڵنەری مرۆڤە بۆ سەرجەم کارەکان.

هەروەها دڵ لە ئەمڕۆدا دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی زۆر گەورە دروست بکات کە بریتیە لە (مانگرتن)، بەنمونە ئەگەر فەرمانبەران لە بەڕێوبەراتیەك هەستیان بە ستەم کرد لەو فەرمانگەیە؛ ئەوا (مانگرتن)، لە کارکردن ڕێگا چارەیە بۆ بەدەستهێنانی داواکاریەکان و کاریگەری زۆر گەورەی دەبێت، کە گەلانی جیهان توانیویانە بەهۆی ئەم هەڵوێستەیانەوە بگەن بە ئامانجی گەورە.

**مەرجەکانی گۆڕینی ناڕەوا لە کتێبی فەضیلەدا:**

**یەکەم:** دەبێت گۆڕینی ناڕەواکە نەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی ناڕەوایەکی گەورەتر: هاوسەنگیکردنی کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی گۆڕینەکە، وە هەڵبژاردنی شێواز و کات و شوێن لەبەر چاو بگیرێ, تا دەرهاویشتەی خراپتری لێنەکەوێتەوە، وەك شەڕو ئاشوب و تێکدانی کۆمەڵگە، چونکە ئەسڵ لەم کارەدا پاراستنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگایە، وەك لە هەڵوێستی بەرزی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەربێت) دا بەڕونی دیارە، بۆ نمونە:

1- پێغەمبەر(درودی خوای لە سەربێت) تێکدانی دیواری کەعبەو دروستکردنەوەی لە سەر بناغەی ئیسماعیل؛ هەڵوەستەی کردو ئەنجامی نەدا، تا نەگوترێت محمد(درودی خوای لە سەربێت) کەعبە تێك دەدات.

2- ئاشکرا نەکردنی ناوی دووڕوەکان لە لایەن پێغەمبەرەوە (درودی خوای لە سەربێت)و نەگرتنەبەری هیچ جۆرە سزایەك بەرانبەریان، تا نەگوترێت محمد(درودی خوای لە سەربێت) یارانی خۆی لەناو دەبات.

3- ڕەچاوکردنی بارووذۆخی پرسیارکەر کاتی پرسیارەکە، بۆنمونە دووکەسایەتی یەك جۆرە پرسیاریان کردووە لە خزمەت پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەربێت) بەڵام پێغەمبەر(درودی خوای لە سەربێت) بەدووشێوە وەڵامی داونەتەوە، بۆ نمونە کەسێك دەپرسێت چ کارێك باشترینە لە وەڵامدا پێی دەفەرموێ نوێژ لە کاتی خۆیدا، بەڵام بە کەسێکی دی دەفەرموێ تێکۆشان لە پێناو خوادا (الجهاد). (شاهۆیی, ٢٠٢٣ز, 371).

**دووەم:** دەبێت ئەو نارەوایە لە پێگەی واجب وحەرام کراوەکاندا بێت؛ نەك سونەت و مەکروە و ڕێگە پێدراوەکان، هەروەها زانایان ڕێککەوتبن کە حوکمەکە حەرامە، وە بە قورئان یان سوننەت سەلمێنرابێت، بەجۆرێک نەبێت کە بابەتی ناکۆکی بێت لە نێوان زانایانی متمانە پێکراوی شارەزا.

جێبەجێکردنی ئەم مەرجە یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان، کە ڕەنگە هەندێک کەمتەرخەم بن تیایدا، بەدیهێنانی بە شێوەیەکی دروست تەنها کەسانێك کە هەڵدەسن بە گۆڕینی نارەوا پێویستیان بە پاشخانێکی زانستی فیقهی فراوان هەیە کە وای لێبکات دیدگا جیاوازەکان بزانێت تا بتوانێت لایەنە پەنهانەکانی ناو دەقەکان بدۆزێتەوە، ئەگەر زانستەکەی سنووردار بێت، ئەوا خۆی دەخاتە بەردەم شەرمەزاری و کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر دەبات.

**سێیەم:** دەبێت ئەو نارەوایە بونی هەبێت و دڵنیابێت وە (من رأی) ئاماژەیە بۆ پێویستی ئەوەی بە دڵنیاییەوە بزانین کە نارەواکە ڕوویداوە، یان ئەنجامدەرەکەی بە دڵنیاییەوە ئەنجامی دەدات، کەواتە دەبێت نارەواکە ڕوون و ئاشکرا بێت و دڵنیایی لە زانینەکەی پێویستی بە پشکنین و سیخوڕی کردن نییە، وە پێویستە ئەوە بزانن کە خودا پەردە پۆشی تاوانەکانە، بۆیە بە هیچ جۆرێك دروست نیە سیخوڕیکردن بەسەر عەیبی کەسەکاندا.

**چوارەم:** وە هەروەها ئەو کەسانەی کە هەڵدەسن بە گۆڕینی نارەوا نابێ هیچ کات دڵخۆش بن بە گومڕایی بەرانبەرەکەیان، وە بێ ئومێد نەبن لە گەڕانەوەیان لە تاوان بەهۆی ڕەحمی خوداوە، هەروەها سەلامەت و متمانەیان نەبێت لەوەی خۆیان نەکەونە ئەو جۆرە تاوانانەوە، وە سەرسام نەبن بە خۆیان چونکە سەرسام بوون خۆی لە خۆیدا تاوانێکی گەورەیە.

**پێنجەم:** بۆ کەسێك یان کەسانێك کە هەڵدەسێت بە گۆڕینی نارەوا پێویستە میتۆدی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بزانن، کە جەوهەرو کۆی هەڵسوکەوتی لە پراکتیزەکردنی گۆڕینی نارەوادا بریتیە لە میهرەبانی و حیکمەت و ئیحترام و ناسینی ناخی مرۆڤ و بارودۆخی کۆمەڵایەتیان، و هەر تاکێک یان گروپێک لە مرۆڤەکان شێوازێکی تایبەتی هەیە بۆ گوێڕایەڵی و نزیك بونەوە لە دڵەکان، هەروەها دڵنیابێت کە بەرانبەر قبوڵی دەکات.

**شەشەم:** گۆڕانکار دەبێت لە دڵسۆزی و بەدواداچوون بۆ ڕەزامەندی خودای گەورە بێت، هەروەها فشار لەسەر کەس نەسەپێنیت تا گوێڕایەڵیت بکەن؛ وە ئاسانترین شێواز بەکاربێت لەگەڵیاندا، وە بەدوای بیانوو بگەڕێت بۆیان وەك ئەوەی بڵێیت نەیزانیوە یان لە یادی کردووە یاخود وەك چۆن ، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێت) فەرمانی بە بانگخوازەکانی کرد کە « مژدەی خۆش بدەن و نامۆیان نەکەن »؛ « ئاسانی بکەن و زەحمەتی نەکەن »، تەنانەت لە پەرستشەکانیشدا قەدەغەی دەکرد لە هاوەڵەکانی کە زیادەڕۆیی بکەن، خۆی هەرگیز لە نێوان دوو بابەتدا هەڵبژاردنی پێدرابێت ئەوا ئاسانترینی لەو دوو بابەتی هەڵبژاردوە بە مەرجێک گوناە نەبووبێت.. وە کاتێک خەڵک بەیعەتیان پێدەدا ، وشەی (چەندت توانی) زیاد دەکرد، بۆیە لەگەڵ موسڵمانان میهرەبانتر بوو زیاتر لە خۆیان، ئەمەش ئەوەیە کە چاوەڕوان دەکرێت لە بانگخوازان.

**تەوەری دووەم**

**کۆششەکانی سید عبد الرحیمی مەولەوی بۆ گۆڕینی نارەوا**

لەو سەردەمەدا کە مەولەوی دەژیا کوردستان بەگشتی و ناوچەی شارەزوور و دەوروبەری بەتایبەتی ببوون بە شوێنی ململانێ لە نێوان داگیرکەرانی ڕۆم و عەجەمدا، خۆیان لە دوورەوە دادەنیشتن و بەڕێوەبەرانی ئەو ناوچانەیان بەگژ یەکدا دەداو ماڵ کاولیش بۆ خەڵکەکە دەمایەوە، ڕەوشێکی پڕ لە کڵۆڵی و کوێرەوەری و سامناکی بێ پشت و پەنا بۆ خەڵك ڕەخسابوو، هەرکەس بۆ خۆی بوو، دەبوو ژیانی پڕ کڵۆڵی خۆی بەسەر ببات. (هەورامی: مەولەوی شاعیری ئازارو خەم، ٤٥٨).

لەناو ئەم دەردوو کڵۆڵیانەدا سەبارەت بە دوورەپەرێزی مەولەوی لە دانیشتوانی ناوچەکەی خۆی و بێدەنگبوونی بەرانبەر نارەواکان وێنەیەکی ناراست هەیە؛ کە گوایە مەولەوی وەکو زانایەکی سۆفی، لە سیاسەت و کاروباری ناوچەکەی زۆر دورە پەرێز بووە، ڕەنگە مەشرەبی سوفێتی وای لێکردبێ هیچ شتێك کاری تێنەکردبێ، وە ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵی لا مەبەست نەبووبێت، خۆی لێیان دوور ڕاگرتووە، گەلێ هەراو زەناو چنگە پرچتی خێڵەکیانەی ماڵ وێرانکەر لەبەر چاویدا ڕووی داوە تاکە وشەیەکی نەگەتیفی وەك ( ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە) شی لە بارەیان بەکار نەهێناوە.

هەروەها لە کاتی تێکشکانی ئیمارەتی باباندا (١٨٤٧ز) نیشتمان ئەوەی لە مەولەوی دەویست سۆزێکی بۆ بکردایە، وە بۆ گیروگرفتەکانی ئیمارەتی ئەردەڵان فرمێسکێکی برشتایە، تا ئەمڕۆ ئێمە بڵێین مەولەوی هەستی بەنەهامەتی خەڵکی لەناخەوە کردووە، بەڵام نەی درکاندووە .(جعفر: 2009ز ، ٣٨٣)؛ (هەورامی، ٢٠١٣ ز ٤٥٨)؛ (مەلا ساڵح، ١٩٩٧ز ، ٥١).

دیارە مەولەوی زۆر دڵگران و توڕەیە بەرانبەر ئەو تانەو تەشەرەی بەرانبەری کراوە ؛ بەبەڵگەی ئەو نامە دوورو درێژەی بۆ فخر العلمای ناردووە کە لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان پێکردووە، هەروەها دوو نامەی پڕ توڕەیی بۆ دوو کەسایەتی ناردووە کە نامەکان لە لایەن کاك دکتۆر سباحی حسێنی دۆزراونەتەوە وە لە کۆنفراسی مەولەویدا - ١١/ ١٢/ ٢٠٢٤ لە زانکۆی سلێمانی- خستیە بەر دیدەی ئامادەبوان، نامەی یەکەمیان: نامەیەکە کە مەولەوی ناردویەتی بۆ (محمد بەگی جاف)، لە ناوەرۆکی نامەکەدا دەردەکەوێت کە مەولەوی ئاماژە بە کێشەیەك دەکات لە نێوانی هەردوو تایەفەی ( باوەجانی و یەزدان بەخشی)، لەم نامەیدا مەولەوی بەتوندی وەڵامی محمد بەگی داوەتەوە کە نەدەبوو تۆ بەقسەی هەندێ ناحەز بکەی کە گوایە ئێمە مەبەستێکی خراپمان هەبووە لە قسەکردن دەربارەی کێشەی ئەم دوو بنەماڵەیە، دیارە وەك لە پێشەوە باسمانکرد مەولەوی کاریگەری زۆری بووە بۆیە هەوڵیان داوە بۆ لکەدارکردنی ناوو شۆرەتی پاکی و کۆمەڵێك قسەی نابەجێی بۆ مەولەوی هەڵبەستن.

نامەی دووەم: نامەیەکە کە مەولەوی ناردویەتی بۆ (مەلا محمد سەلیم)، لە ناوەرۆکی نامەکەدا دەردەکەوێت کە مەولەوی زۆر بە توندی وەڵامی ئەو تۆمەتانە ئەداتەوە وە استناد ئەکات بە ئایەتی ( وكذلك جعلنا لكل نبي عدوا....) الأنعام: ١١٢، ئەفەرموێ: ئەم تۆمەتەی کە خستویانەتە پاڵ من بۆ هەر پێغەمبەرێك خوا دوژمنێکی دانابوو، کە دیارە ئەولادی پێغەمبەری خوا خاڵی لە دوژمن نیە؛ وە پێشەوایانی پێش منیش لەم تۆمەتانە بێبەش نەبوون و تۆمەتیان بۆ هەڵبەستراوە، بەڵام ئەوەندە بزانن کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەربێت) ئەولادی خۆی هەروا وێڵ ناکات، ئێمە لێرەدا تەنها ناوەرۆکی نامەکانمان باسکرد، دەقی هەردوو نامەکە لە توێژینەوەی برای بەڕێزمان کاك دکتۆر سەباح حسێنیدا بڵاوبۆتەوە لەم گۆڤارەدا بۆ کەسێك بیەوێ بگەڕێتەوە سەری.

**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست:**

پێشەکی نابێت لێرەدا ئەوەمان لەیاد بچێت کە هەر نووسەرێك بیەوێ بۆ مێژوو یان ئەدەب یان هەر بارێکی ژیانی کەسی یان کەسایەتییەکی دێرین و مێژوویی پێش چەرخی خۆی بڕوانێ، وە لەو بابەتەی مەبەستیەتی بکۆڵێتەوە، دەبێ پێش هەموو شتێك چەند خاڵێك لەبەرچاو بگرێ:

**یەکەمیان:** بێلایەنیی خۆی بخاتە پێش دەستکردن بەکارەکەیەوە، هەروەها هەوڵ بدات چەند بۆی دەکرێت بگەڕێتەوە ئەو چەرخەی ئەو کەسە تیایدا ژیاوە، وە شارەزایی باش لەسەر ئەو بارودۆخە لە ڕووی ئابووریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕوشنبیریی و ... هتد؛ پەیدا بکات و خۆی وا لێبکات کە لە تەك ئەو کەسەو لەو کەش و هەوا و خاك و ناوچەیەدا بژی؛ کە کەسایەتییەکەی تێدا ژیاوە، تا بتوانێ لە نووسین و لێکۆڵینەوەکەیدا بە جۆرێك قەڵەم بگێرێ و دەستی نەترازێ و بیرو هۆشی چەواشە نەبن و ئەنجامی هەڵەو نادروست بە دەست نەهێنێ، (قەرداغی: ٢٠١٥ز، ١٩٠).

**دووەمیان:** دەبێت شەنوو کەوی ئەو گلەیانە بکات تا بزانێت لەکوێوە سەریان هەڵداوەو کێ وتویەتی، چونکە هەندێك لەو گلەیانەی لە مەولەوی دەکرێ دەبینین لە ڕێگەی ناحەزەکانیەوە بڵاوبۆتەوە، بۆ نمونە: یەکێك لە مەلا و شاعیرە نەیارەکانی مەولەوی ناوی (مەلا یوسف) بووە چۆتە سەر مەزهەبی جەعفەری، هەمیشە هەوڵی خۆنزیکردنەوە بووە لە دەسەڵاتداران، بەم شێوەیە مەولەوی تاوانبار دەکات: " محرك سلسلة و تبديل وفاق دولتين بة نفاق ذات البين بود " ، واتە " مەولەوی هێزی بزوێنەری دووڕوویی بووە لە نێوان دوو حکومەتدا " .

دیارە کەسێك تاوانێکی ئەوتۆی دەخرێتە پاڵ، کە کێش و قورسایی هەبێت، ئەم تاوانانە ناخرێتە پاڵ کەسانی سادەو گومناوو ناچالاك و ساردوسڕ؛ ئەمە بەڵگەیە لەسەر دەورو چالاکی مەولەوی لە هێورکردنەوەی ناکۆکی و چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە.

**سێیەمیان:** نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت بە پێی بۆچونی زۆرێك لە مەولەوی ناسان تاکو ئێستە کەمترینی بەهەمی مەولەوی دۆزراوەتەوەو زۆرترینی لە کتێبخانەکانی کوردستان و جیهان وونبوە، هەروەها بەرهەمێکی زۆری لە کارەساتەکانی کوردوستاندا لەناوچوە بەتایبەتی سوتانی ماڵەکەی، هەرچەندە بۆچونێك هەیە کە ماڵەکەی نەسوتاوە بەڵکوو ئەوەی سوتاوە کەپری هاوینەیی بووە، بەهەر حاڵ دەکرێت ئەو گلەیانەی کە ئەمڕۆ لە مەولەوی دەکرێت لەناو ئەو بەرهەمانەدابێت کە تا ئێستە نەدۆزرابێتەوە، وە دەکرێت هۆی تریش هەبن لەپشت دیواری نەزانراویدا حەشار درابن.

لە لایەکی ترەوە باشە بۆ دەکرێت کەسایەتیەکی وەك مستەفا بەگی کوردی- ١٨٠٩ تا ١٨٥٩ شاعیر- یەك وشەی لەسەر هەرەسپێهێنانی میرنشینی بابان (١٨٤٧) نەنوسیوە، بەڵام لەسەر بابەتی تر ئەو هەموو زوخاوەی هەڵڕشتوە؟ کە بابان نیشتمانی کوردی بوەو لە بنەماڵەی صحێبقرانەو چارەنوسی بنەماڵەی حوکمڕانی بابان گرێدابوو. (جعفر: 2009ز، ٣٨١).

sjh@univsul.edu.iq

کەواتە هەڵەکە پەیوەندی بە مەولەوی و کوردیەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەبیرکردنەوەی ئێمەوە هەیە، ئێمە بە پێوەرو پێوانەی ناتەواو و ناکۆك، شتەکان دەپێوین!.

**لە گەڵ ئەم ڕونکردەوانەشدا ئەوا ئێمە لێرەدا چەندین نمونەی بەڵگە نەویست و حاشا هەڵنەگر دەخەینە پێش چاوی خوێنەری بەڕێز دەربارەی هەڵوێستی مەردانەی مەولەوی بەرانبەر خەڵکی ناوچەکەی:**

**یەکەم: مەولەوی وەك پارێزەرو پشتوانی هەژارو چەوساوەکان:**

مەولەوی ناسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە مەولەوی سیاسیی نەبووە بەو شێوەی ئەمرۆ بۆ سیاسی دەڕوانرێت، وە لەو بوارەدا کایەی نەکردووە، بەڵام نامەو شیعرەکانی مەولەوی خۆی وێنەیەکی بەرزمان بۆ دەخەنە بەرچاو، کە پیاوێکی کۆمەڵایەتی و بەسۆزو هەست ناسك بووەو، چۆن بۆ خۆی ژیاوە وەهایش بۆ هاوڵاتیانی ناوچەکەی، هەر ئەم هەست و سۆزەیشە وایکردوە؛ یەکەم: مەولەوی چ لای جەماوەری هەژاری ناوچەکەی، وە یان لای پیرو پیرزادەکان و چ لای زانایان و میرانی بابان و پاشاکانی جاف، بە تایبەتیش لای میرانی ئەردەلان و تەنانەت لای سەرانی قاجاریشەوە، بە کەسێکی زانا و ڕەوشت بەرز و خاوەن هەڵوێست و دڵسۆز سەیری کراوەو جێگەی ڕێزێکی تایبەتی بووە. ئەوەتا لە کاتی کوێربون و پیریدا دەوری چالاکانەی خۆی بیردەکەوێتەوە چۆن نامەی بۆ کاربەدەستانی عوسمانی و قاجاری نوسیوە، و ناوبژیوانی کردووە:

باڵ نمەدۆ تەیر تەحریر وە هەمدا
گا وە ڕووی ڕۆمدا، گا وە عەجەمدا
ئومەنای دەوڵەت جە گردین لاوە
نە ئینتیزارەن چەم نەڕوی ڕاوە
تەوانای وانای فەرمان نەمەندەن
چەپەر بێ جواو، خەبەر پا بەندەن

ئەمە ئەوە دەردەخات کە مەولەوی چالاك و کارامە بووەو هەمیشە لە هەوڵ و تەقەلای کوژاندنەوەی شەڕو ئاگر بووە لە ناوچەکەی خۆی و بە ئەو پەڕی بوێرییەوە بەرانبەر ناڕەواکانی سەردەمی خۆی وەستاوە، ئاگاداری حەق و ناحەقی بووە، ئەو نارەوایانەی کە نەیتوانیوە بیانگۆڕێ هەمیشە بە شیعرە بەتین و سۆزەکانی و بەوشەو زاراوە ڕەسەن و دەوڵەمەندەکانی و بەداهینانە نەدیتراو و نەبیستراوەکانی شۆڕشێکی بەرپاکردووە. (قەرەداغی: ٢٠١٥ز، ١٦٤).

بۆ نمونە: مەولەوی لە نامەی ژمارە (١٣)دا کە بۆ مە حمود پاشای جافی ناردووە، وە لە کاتی پیریدا نوسراوە و شاعیر هەر زۆر دڵشکاو و بریندار و توڕەیە؛ نوکی خامەی خۆی دەکاتە ئامرازی دەنگ کۆکردنەوەی چەوساوەو زۆر لێکراوان؛ هاوارو نارەزایی نەیتوانیوە ڕەوتی مەکینەی زوڵم و زۆر ڕاگرێ، شاعیر خۆی کردۆتە پارێزەر یان مافناسی ماف لێزەوتکراوان، ئیدی هەڵوێستی دژ بە چەوسانەوە وەرگرتوە، خۆی و کوڕەکانیشی بەر شاڵاوی تەنگ پی هەڵچنین و گوشار بونەتەوە.

لەم نامەیەدا ئەوەندە هەڵدە کرێنرێت گوایە پاشا ویستویەتی زانای ئایینی و سۆفی گەورە بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانەوە دوعای خێری بۆ بکات، ئەمە هەمووی دوعای خێری ئەوە بۆ پاشا:(( آن وقت کە تمنای آن بود بلکە رجای مسلمانی بشنوید، هزار بدعت را برای احیای سنتی ورجای فقیری از امتی بە گردن میگرفتم و آمد و شد میکردم، حالا شنیدن فریاد زیر دستان بسیار و نشیدن عدل و داد زبرستان بی شمارە کنارە از همە سازگار تر است. هیچ نمادە است کە نگویم ، و هیچکس ندیدم )) (جعفر، 2009ز ، ٣٨٨ ).

واتە: (( ئەو وەختەی کە بەهیوای ئەوەبووم تۆ تکای موسوڵمانێك ببیستی؛ چەندەها بیدعەتم لە ئێوە بینی بەڵام بێدەنگ بووم بە ئومێدی بوژانەوەی سونەتێك کە بریتیە لە هاتنە دی هیوای فەقیرو ژێر دەستەیەکی ئومەت، وە هاتوو چۆم دەکرد بۆ ئەو مەبەستە، ئێستە بیستنی هاواری ژێردەستەکان زۆرە، وە نەبیستنی هاواروو دادی ژێردەستەکان بێ ئەندازەیە، گۆشەگیری لە هەموو شتێك ئاسانترە، هیچ نەماوە کە نەیڵێم، وهیچ کەسێکیشم نەبینیوە کە هاوارەکە ببیستێ )).

هەروەها نامەیەکی بۆ (معتمد الدولة – فەرهاد میرزا؛ ١٢٣٣ك – ١٣٠٥ك) دەنوسێت، کە کوڕی عەباس میرزا (نائب سلطنة)یەو لە ساڵی ١٢٨٤ك تا ١٢٩١ك والی کوردستان بووە، ئەم نامەیە بۆ خاوکردنەوەی بڕیارێکی دووقۆڵیی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران نووسراوە، کە بڕیاریان داوە ڕێگە لە گەرمیان و کوێستانی هەموو جاف بگرن، کە مەولەوی لەبەر سوودی گشتی و جۆرێك لە تکاکردن بەکاربهێنێت لە (معتمد الدولة) فەرهاد میرزای والیی کوردستان، لەبەر داواکاریی خەڵکی ئەم داوایەی ئاراستەی والی کردووە و گوندی جانەوەری زێدی شێخ عەزیزیش سوودمەند دەبێت لەم داوایە. (مدرس: ٢٠١١ز، ٤٥٦/٢)

لەم نامەیەوە کە لە جانەوەرەوە بە حزووری شێخ عەزیزی ئازیزی مەولەوی نووسیویەتی بۆمان دەردەکەوێت ئەو مەولەوییەی کە عیزەتی نەفس ڕێی پێنەدا سەرشاتە بەجێبهێڵێت و بەو بەرنامەی خۆی باوەڕی پێیبوو ژیانی بەڕێکرد و نەبوونی نەی پژاکاند،

بەڵام بۆ کارێك کە لە بەرژەوەندیی گەلەکەیدا بێت و بەتایبەت خەڵکی فەقیر و هەژار تێیدا زەرەرمەندبن، ئامادەیی تێدایە ئەوپەڕی زمانی گفتوگو و تارادەیەك تکاکردنیش بەکاربهێنێت بە ئومێدی ئەوەی دەسەڵاتدارێك ڕازی بکات بۆ بەرژەوەندی فەقیروو هەژاری میلەتەکەی و لابردنی ستەم و ناڕەوایتیەك.(لەتیف، ٢٠٢٣ز، ١٥٠)؛ (مەلا ساڵح، ١٩٩٧ز، ٥١) (حەمە باقی،٣٨٣-٣٨٥)؛ (جعفر: 2009ز ، ٩٨٨) .

**دووەم: فەرمان بە چاکەو گۆڕینی ناڕەوا:**

بۆ کوژاندنەوەی بڵێسەی ئاگری ناکۆکی ئاینی، سیاسی، نێوان میروو هاوڵاتیان؛ سید عبد الرحیمی مەولەوی هەندێ جار نوێنەرایەتی شێخ عوسمانی تەوێڵەی کردووە بۆ گفتووگۆ کردن و دانوسان، بەتایبەت بۆ پشتگیری دانیشتوانی شاری سنە؛ چونکە دەسەڵاتی شێخە نەقشبەندیەکان تا سنەش بڕی کردووە، دژی هەوڵ و تەقەلای ئەمان اللەی دووەم (غلام شاخان) کە ویستویەتی ڕێبازی جەعفەری "شێخەیە"یان بەسەردا بسەپێنێ. (جعفر: 2009ز ، ٣٨٣).

مەولەوی لە یەکێك لە سیمینارەکاندا وەك لەناو کوڕ و کۆمەڵانی مەلایانی کوردستاندا زۆر باوە؛ کە توانیویەتی بەبیری ورد و تیژی زانستی نەیارەکانی ببەزێنی و دەمکوتیان بکاو کارێك بکات میرزادەکانی سنە بەدڵ و دایەن پێشنیاری بۆ بکەن بێتە لای ئەوان دانیشێ و دێهات و زەوی و زاری زۆری بۆ ژیانی تەرخان بکەن، بەڵام مەولەوی هەمیشە ئەم جۆرە پێشنیارانەی داوەتە دواوەو پڕ بەدەم ڕایگەیاندووە کەوا ژیانی لەناو خزم و کەسوکارو عەشرەتە ڕووتەکەی و لە گوندە ڕەقەن و بێبەروبوومەکەی سەرشاتەوە؛ بەنانی بەڕوو قنیاتکردووەکانیا لە هەزار گەنجی بەخششی شازادەکانی قاجارو میرزادەکانی سنە پێخۆشترو بەتام و لەزەتترە. (قەرەداغی، ٢٠١٥ز، ١/ ١٥٢ ) ؛ (مەلا کریم، 2001ز، 2001ز)؛ (غریب: ٢٠١٨ز، ٦٤).

ئەم ململانێیە لەگەڵ مەولەوی بەم سیمینارە کۆتایی نەهات و لەڕێگەی کەسانی نزیك لە خۆیانەوە نامەیان بۆ مەولەوی دەنارد، وە مەولەوی وەڵامی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی دەدانەوە، هەرچەندە ناتوانین لەم دەرفەتە کورتەدا سەرجەم نامەکانی مەولەوی دابنێن بەڵام لێرەدا دوو نامەی مەولەوی لەو بارەیەوە دەخەینە ڕوو، کە ئەوانیش ئەو دوو نامەیەن کە مامۆستای ئەردەڵانی کردونی بەکوردی: (ئەردەڵانی: ٢٠٠٨ز، ١/ ٤٠٥) ؛ (مدرس: ٢٠١١ز، ٢/ ٤٤٦).

**نامەی یەکەمیان:** نامەی یەکەم نامەیەکی مەولەویە بۆ فەرهاد میرزا سەبارەت بەو کتێبەی بە دیاری بۆ مەولەویی ناردووە. فەرهاد میرزا کە والی کوردستان بووە هەوڵی داوە ئەو بیروو باوەڕەی کە هەیەتی و بەڕاستی زانیوە بڵاوی بکاتەوە، چینی زانایان و مەلاکانیش لە پێشی پێشەوەی ئامانجەکەیدا بوون؛ بێگومان هەوڵی زۆری داوە کە مەولەوی بێتە سەر ڕێبازی جەعفەری، هەر بۆیە بۆ پتەوکردنی بۆچونەکانی بەناوی دیاریەوە کتێبێك بۆ مەولەوی دەنێرێت.(لەتیف: ٢٠٢٣ز ،٢١٣).

مەولەویش نامەیەکی دوورو درێژو زۆر بەپێز بۆ فەرهاد میرزا دەنێرێت سەبارەت بەو کتێبەی بۆی ناردووە، کە هیواخوازم خوێنەری ئازیز تەواوی ئەو نامەیە بخوێنێتەوە، کە ئێمە لەم دەرفەتە کەمەدا ناتوانین کۆی نامەکە دابنێین، تەنها چەند مەبەستێکی سەرەکی نەبێت، مەولەوی لە نامەکەیدا بۆ سەرداری وڵات دەفەرموێ: (( ئێستا بەڕێزتان بەناوی فەرماندانتان بەچاکەو قەدەغەکردن لە خراپە و لە کاری ناڕەوا جلوبەرگی ئیجتیهادتان لەبەر کردووە؛ بەوپەڕی لیبوردن و بەگەرمی خەڵك بانگ ئەکەن بۆ ئەوەی بیانخەیتە سەر ڕێگەی (تشیع)، ئەمەتان بەلای منەوە تەواو نییەو بەناڕەوا وەرئەگیرێ.

پێویستە لەسەر ئێمەی زانایان ڕای خۆمان بەئاشکرا دەربڕین و بـۆ ڕوونکردنەوە و جوێکردنەوەی کاری ڕەوا لە ناڕەوا خۆمان بڕەنجێنین و لە کەس نەترسین و لەبەردەم هەموو کۆسپێك و هەموو کەسێکدا پێویستە خۆمان ڕابگرین؛ لە کۆتاییدا تکایە بەرامبەر بەم نامەیەم ئاوێنەی دڵت گەرد نەگرێت و بەوەڵامدانەوەت شادمانم بکەیت تا منیش لە لایەن خۆمەوە بە (سلمنا)وە یا بە (منعنا) بێمەوە مەیدان.

چونکە بووم بە مایەی سەرئێشەتان بەم بەیتەی حافظی شیرازی نامەکەم کۆتا ئەکەم

غیر ازین نکته که حافظ از تو ناخوشنود است

در سراپای وجودت هنری نیست که نیست

زانای ئایینی ئەبێ وابێ و ئاوەها بێپەردە پەنجە بکا بە قوڕگی شێردا و لە هیچ سڵ نەکات و هەمیشە ئەبێ ( لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق )ی لەبەر چاوبێت و کوڵ نەدا. (لەتیف: ٢٠٢٣ز،٢٢٢) .

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەرهەق بەم نامەیە دەفەرموێت: (( بەڕاستی پێویستە ئینسان بەچاوی ئینساف تەماشای ئەم نامەیەی مەولەوی بکات کە بۆ فەرهاد میرزای نووسیوە تا حاڵی ببێ ئەم زانا و ئەدیبە جەوانمەردە چەند مەردی و ئازایەتیی بەکار هێناوە، چۆن توانیویە بەرامبەر شازادەیەکی خاوەن خامەو نامەو وڵات و دەسەڵات کە مامی ناسرەددین شای قاجار و حوکمرانی سنە بووە بەم جۆرە قسە بکات و نامەیەکی چەند موافیقی حەقیقەتی بۆ نووسیوە و کەم و زۆر لە بەرامبەریدا ترس و دوودڵیی نیشان نەداوەو بە جۆرێ کە بە گوێرەی ئایین و عەقڵ بێت لەگەڵیدا دواوە )). (مدرس: ٢٠١١ز، ٢/٤٥٥).

sjh@univsul.edu.iq

**نامەی دووەم:** نامەیەکی مەولەویە بۆ فەخرولعولەما یان ڕاستتر وایە بڵێین بۆ شێخ یوسفی مودەڕیسی دارولئیحسان بووە لە سنە، کە بۆ مەسڵەحەتی خۆی هەمیشە دڵی کاربەدەستانی سنەی ڕاگرتوەو لایداوە لە ڕێبازەکەی خۆی، هەر سەبارەت بەو کتێبەی فەرهاد میرزا بۆ مەولەویی ناردووە.

ئەمەش بەشێکی کەمی ناوەڕۆکی نامەکەیە: (( (وبعد) موجتەهیدانی ئێمەی بنەماڵەی سونەت لە بابەتی زانستی (فقە) دا لە شنەی هەناسەی پاکی بەفەڕی پێغەمبەرایەتیەوە ( هەزاران دروودو سڵاوی لێبێت)، دوو فەرموودەیان خستۆتە بەرچاومان، هەردوو فەرموودەکە بۆ هەموو موسوڵمانان بەگشتی و بۆ هەموو زانایان و کاربەدەستانی میری بەتایبەتی؛ بوون بە سەرچاوەی ترس و بیم.

فەرموودەی یەکەم: (( إذا ظهرت الفتن، وسب أصحابي، فليظهر العالم علمه، فمن لم يفعل ذلك فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين، لا يقبل الله منه صرفا ولا عدلا )).

فەرموودەی دووەم: (( من رأى منكم منكرا فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، وإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف الإيمان )).

فەرموودەی یەکەم ڕوون و ئاشکرایە بەڵام دووەمیان پێویستی بەهەندێ ڕاڤە و لێکۆڵینەوە هەیە. زانایانی هەڵکەوتوو دەربارەی ئەم فەرمودەیە چیان فەرمووە منیش بەو مەضموونەوە دەیخەمە بەرچاو (رأى): لە رونیەتی بە مانا، زانینە نەک روئیەتی چاو، واتا بزانێ بە گوناهەکە و هەستی پێبکات مەرج نییە بە چاو ببینی، (منكم): مەبەست پێی هەموو تاک و کۆی موسڵمانانە ( نیر، چ می- و درگیر ) لە هە موو سە ردە میکدا.

(منكرا) کاری نارەوا حەرام، (فليغير) با بیگۆڕێ ئەمرەکە بۆ وجووبە، ئەم گۆڕینەش دەبێ لە ڕووی شەرعەوە بێت نەک بە گۆترە، وە یان بەعەقلی ڕووت، (بيده) بە دەست و بەهێز ئەگەر نەیتوانی بەدەست کاری تێ بکات، وەکو ئەوە لە زیانی ماڵی یا بەدەنی بترسێت؛ بەڵام هەڕەشەو گوڕەشەی ڕووت نابێ بە بەڵگەی خۆلێگێلکردن؛ وەک لەم فەرموودەیەوە دەرئەکەوێ کە تورمزی، ئەیگێڕێتەوە ئەفەرموی: (( ألا لا يمنعن رجلا هيبة الناس أن يقول الحق إذا علمه ))؛ (فان لم يستطع فبلسانه) بەزبان و وتن ئەگەر ئەیتوانی کاری تێبکات، ئەوە بەتووڕەیی یا بەنەرمی ڕووی تێبکات کامیان کاریگەرو گونجاوترە، ئەوەیان بەکاربێنێ .

( فان لم يستطع فبقلبه ) ئەگەر توانای دمکوتکردنی نەبوو، ئەوە پێویستە بە دڵ و بەنهێنی ڕقی لێبێ و نەیەوێ وەکو ئەو ستەمکارە کە تانە بدات لە یەکێک لە ئیمامەکان و پیشەوایانی تر؛ (وذلك أضعف الإيمان) ئەوە لاوازترین حاڵەت و دوا پلەی نزمی ئیمانە، واتە: ئەگەر بەدڵ ڕقی نەبوو لێی ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئیمانی لاوازە، چونکە ئەگەر بۆ دەست و زبان مەرجێک هەبێت، ئەوا مەرج بۆ دڵ و دەروون نییە.

بەڵام برایان: با لەگەڵ خوای خۆماندا ڕاستبین و بەڕاستی ئایین بگرین؛ بەخەیاڵ نابێ هەندێ شت دروست بکەین و بیکەین بەبەهانە و بیانووی بێ دەنگیمان و دوورە پەرێز بوەستین؛ کێ دیویەتی بەرامبەر بەواتایەکی حەق لەم ڕۆژەدا تووشی زیانی ماڵی و لەشی بووبێت؟ یا بەسوکی و ڕیسواییەوە سەیری کرابێ؟ ئێمە بەخەیاڵ بەرامبەر بەخۆشەوستیی دنیا بەڵگەی بێ دەنگی بۆ خۆمان دائەتاشین و لە ڕاستی لائەدەین وزانست و زانیاریمان فەراموش ئەکەین؛ دیارە بەم کارەمان لەلایەکەوە ماوە ئەدەین فەرمان ڕەوا لە هێڵ لابداو، خۆشمان لە تەکیا هاوبەشبین وە لە لایەکی کەوە بەم لادانەمان بەر نەفرینەکەی پێغەمبەر ئەکەوین کەسێك بەڕاستی ڕێگای خوا بگرێ و لێی بترسێت بێگومان فەرمان ڕەوای ڕۆژیش لێی ئەترسێ و شەرمی لێ ئەکات، لەوانەیە واز لە تاوانەکانی بێنێ و ڕوو بکاتە خوا، ئەگەر زانایان ترسی خوایان لەدڵدا نەبێ فەرمانڕەوای ڕۆژیش نرخیان بۆ دانانی و بەسوکی سەیریان ئەکات... ))کۆتایی نامەکەی مەولەوی. (مدرس: ٢٠١١ز، ٣٥٦ )؛ (جعفر، ٢٠٠٩ز، ٣٨٤)؛ (لەتیف، ٢٠٢٣ز، ٢٢٥ ).

مامۆستای مودەڕیس سەبارەت بەم نامەیە دەفەرموێ: (( لەم نامەیەدا دەردەکەوێ کە مەولەوی بۆ داکۆکیکردن لە بیروباوەڕی خۆی چەندە ئازاو نەترس بووە وەك چۆن ئەوەش دەرئەکەوێ کە لەم کێشەدا فەرهاد میرزای حوکمڕان و ڕێبازی ئایینی لە ڕێبازی ئاییینی مەولەوی جیاواز، گەلێ لە شێخ یوسفی بەدیمەن هاوڕێبازی مەولەوی، - بەڵام لە ڕاستیدا خۆ بەدەست حوکمڕانانەوە داوەو - ، نەرمتر و گونجاوتر و سنگفراوانتر بووە )). (مدرس: ٢٠١١ز، ٣٥٦)

بۆ ئەوەی لەم دوو نامەیەی سەرەوە بەتەواوی بگەین پێویستیمان بەم ڕەونکردنەوەی خوارەوە هەیە: فەرهاد میرزا هەرچەند فەرمانڕەوایەکی بەسوودو دادپەروەرو بەبەزیی و ئەدیبێکی بەرز بووە؛ بەڵام لە پەنای فەرمانڕەواییەکەیدا، ویستویەتی لە ڕێگای مەلاو دۆستانی کوردەکانی (سنە) و دەوروبەری بکا بە شیعە و ڕێبازەکەیان بەسەرا بسەپێنی، جا لە ماوەی فەرمان ڕەواییەکەیدا بۆ چەسپانی کارەکەی کۆمەڵێکی زۆری شیعەی جەعفەری لەهەرێمە فارسەکانەوە دێنێ بۆ شاری (سنە) و تیایدا نیشتەجێیان ئەکات، لە ئەنجامی ئەم کارە جەنگێکی خوێناوی لە نێوانیاندا پەیدا ئەبێ - جگە لە کوشتنی چەند کەس لەهەردوولا - موجتەهیدی جەعفەرییەکان (شیخ محمد تقى) لە لایەن کوردەکانەوە دەکوژرێ، دوای ئەم ڕوداوانە لەلایەن میرییەوە بۆ بەدیهێنانی هێمنی و ئاسایش چەند هەنگاوێك نرا، یەکێك لەوانە دوورخستنەوەی (مدرسی) مزگەوتی (دار الاحسان) کە (شێخ عبد القادری موهاجیری) بوو، ماڵ و منداڵەکەی لە سنە بۆ ماوەیەك مانەوە و خۆیان رەوانە کرد بۆ کوردستانی عیراق، کە لەو سەردەمەدا سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو لە دواییدا بە تکای مەولەوی وەك لەنامەکەیدا هاتووە فەرهاد میرزا مانگانەکەی گێڕایەوە بۆ خێزانەکەی.

دوا بە دوای دوورخستنەوەی موهاجیر، شێخ یوسفی ئاموزای لە لایەن میرییەوە بەڕەسمی کرا بە (مدرس)ی مزگەوتی (دار الإحسان)، جگە لە دانانی بەوەزیفەی (مدرس) کرا بەسەرپەرشتی کاری ئەو گوندانەی کە سەردەمی خۆی (ئەمان الله خانی) گەورە کردبوونی بەوەقفی مزگەوتەکە.

ئەم شێخ یوسف ناوە کە لە نامەکاندا بە (مدرس) ناو ئەبرێت، وەك لەنامەکەی خودی مەولەویدا ڕەچاو ئەکرێت مەلای دەربارو و دووڕوو دنیا پەرست بووە؛ بۆ خۆنزیک کردنەوەی لە دەسەڵاتەوە بە ڕاست و بەچەوت بەرگری و پشتگیریی فەرهاد میرزای کردووە، جا ئایا لە خۆیەوە وە یا بە هاندانی فرهاد میرزا؟ چەند جارێک نامەی پڕوپوچ و ناشایستە ئەنێرێ بۆ مەولەوی، وە مەولەوی بەم نامانە وەڵامی ئەداتە .

**سێیەم: کۆیلایەتی کردنی دەسەڵات و بازرگانی کردن بە ڕێبازی سۆفیگەریی:**

بیروڕای مەولەوی لە نامەی ژمارە (نۆ)دا، بەڕونی دەردەکەوێ بۆ نمونە ئەو لە بەرامبەرەکەی داوا دەکات بەرامبەر فەرمانڕەوایان بوێرو ئازاو چاونەترس بێت و لەبەر ترس و بەرژەوەندی، ڕاستی بە ژێر لێوەوە نەکری، وەك دەفەرموێ: (( اول سوء سلوك این است که تقیه مشوؤمه بکنی و کتمان حق را بنمائی . حاکم ادبا موافق ( وشاورهم فی الامر) مشورت به شما میفرماید و شما جرئت آن نداشته باشید که فتوای حق اظهار کنید حاکم مشمول طعنء خودتان را مطابق حدیث مورد لعن نمایند فقیر از سلسله رسولم، صلب مرتضی وترائب بتول. غایتش این است که زهرم بدهند یا شهیدم بکنند و سرم بر سر نیزه نهند، از کس نترسم و از حق پرسم )).

ئەم نامەیە لوتکەی ناڕەزایی شاعیرە لەو زانایانەی دەبنە داردەست و دەزگای پڕوپاگەندەی فەرمانڕەوا و کاربەدەستان ئەم دەنوسی : (( ئەگەر ژەهر خواردوم بکەن و شەهیدم بکەن و سەرم بەسەرە نیزەوە بکەن، لە کەس ناترسم و داکۆکی لەحەق دەکەم؛ مەبەستم ڕەزامەندی و نزیکی خودایە )). (مدرس، ٢٠١١ز، ٣٦٢ )؛ ( جعفر، 2009ز، ٣٨٦).

**چوارەم: نەتەوایەتی لای مەولەوی:**

لە شیعرەکانی مەولەویدا لایەنێکی پرشنگدار بەدی دەکرێ کە شیعری نەتەوایەتیە، بەڵام نەک شعری نەتەوایەتی بە مانا ڕەهاییەکەی ئەم سەردەمە، بەڵکوو مەولەوی شیعری نیشتیمانی بە مانایەکی دی هەیە؛ ئەو مانایەی کە چاکە و خێرو خۆشیی هەموو کەسی بوێت و هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوەی ڕەوشتی وەفاو خێر و خۆشیی و دڵسۆزیی و ئەمەکداریی و خۆبەکەمزانیی و مەردایەتیی و جوامێریی و ڕاستیی و لە سەرووی هەموویشیانەوە دنیا نەویستیی و بۆ دنیا نەسووتان و ڕوانین بۆ ژیانی پڕ کامەرانیی هەمیشەیی و هەتاهەتایی هەرگیز لە شیعرەکانی مەولەوی جیانابنەوە و دیوانەکەی لەم ڕوانەوە قوتابخانەیەکی بەرین و بڵند و باڵایە تا دەست هەڵدەیت.

هەروەها مەولەوی لە نوسینەکانیدا لە دەریای ئەوین و خۆشەویستی جوانی نیشتمانەکەیدا نوقوم بووە و ئەو جوانییە کە ئەو لە دیمەنی لووتکەی شاخە بەرزەکان و گوڵ و گیای لانزارە سەوز و فێنکەکان و لە هاژەی پڕ ئاهەنگی شەتاوی چەم و دۆڵەکان و لە خوڕەی بەفراوی زیوینی شیوەکانی کوردستان هەستی کردووە و بەچەشنێکی سیحراوی هیناویەتە چوارچیوەی لەفزەوە؛ بێگومان تا ئیستا شاعیرێکی تر هەستی نەکردووە و نەیتوانیوە وەها شوێنەوارێکی بەرزی وێژەیی لە خۆیەوە نیشانبدا. (قەرەداغی، ٢٠١٥ز، ١٥٢/١ – ١٧٤) ؛ (مەلا کریم، 2001ز ، ١٧)، (عبد الکریم: ١٩٨٩ز، ٣٠) ؛ (جعفر، ٢٠٠٩ز، ٣٨٣).

**پێنجەم: پشتکردن لە پاداشت و دنیای دەسەڵاتداران و هەڵبژاردنی ژیانی هەژاریی سەربەرزانە:**

مەولەوی لەو کەسانە بووە گیروگرفتی خەڵکی تریشــی بــەهــی خــۆی زانیوەو پەردەی دڵی ئاوێنەی باڵانمای ئەوان بووە؛ نەبوونی، برسییەتی، نەخۆشی، ئافەتی ئاسمان و زەوی مردنی خەڵکانی نائومێدو لێقەوماو، جەنگ و جەلەبەی خێڵەکی و هەژاری و ستەمی ستەمکاران ئەمانە هەموویان سەرچاوەی دەرد و مەینەت بوون و ژیانیان لێ تاڵ و سەخڵەت کردووە؛ لای یەکێکی وەك مەولەوی ئەو دەردو مەینەتانە بوونەتە خێڵخانەی خەم و ئازار لە وێنە شیعرییەکانیدا ڕەنگ و جۆری خۆیان خۆیان دەنوێنن .(هەورامی: ٢٠١٣ز، ٢٤٦). وەك دەڵێت:

پیری و فەقیری و کەثیفی هەر سێ
نەبۆوە هیجران بار هیچ کەسێ
لە شیعرێکی تردا هاوارە دژی ڕۆژگار:
فەلەك بێ فرسەت.. فەلەك بێ فرسەت
ئەی چەرخ و چەپ گەرد، بێ سەبرو فرسەت
غدار و بەدکار، بێ وادەو بەینەت
پڕ جەورو ستەم بێ میهرو مۆبەت

لەگەڵ ئەو هەموو چەرمەسەریەدا هەرگیز ئامادە نەبووە لە پێناوی ژیانی دنیادا دەس لە عیزەتی نەفسی خۆی هەڵگرێ، لە نامەکانی مەولەویدا کە دەسگیرمان بوون و هەروەها لە و دەنگو باسانەوە کە دەم بە دەم ئەگێرنەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە زۆر فەرمانڕەوایانی ناوخۆی ناوچەکە بەو جۆرەی کە شایانی کەسێکی وەك مەولەوی بێت لەگەڵی نەجوولاونەتەوە وقەدریان نەزانیوە کەچی فەرمانڕەوایانی قاجاری و ئەردەڵانی گەلێ جار بانگیان کردۆتە لای خۆیان و دێهات و موڵکیان داوەتێ بەڵام مەولەوی قوبووڵی نەکردووە و هەرگیز نەیویستوە خزم و کەسوکارەکانی و ناوچەی تاوەگۆزی بە جێبێڵێ و بەموڵکی دنیای نەگۆڕیوەتە: بۆ نموونە: (فەرهاد میرزای مامی ناصرودین شا) داوای لی کردووە بڕوا بۆ ئێران و هەر موڵکێك دڵی ئەیگرێ هەڵی بژێری بۆ خۆی؛ هەروەها: غولام شاخانی ئەردەڵانیش داوای لی کردووە بچێ بۆ ناوچەی سنەو دێی (زەلان) وەربگرێ بۆ خۆی، بەڵام مەولەوی هەر ئەوەی پێباش بووە هەرچۆن بووە لە سەرشاتە کڕینەکەی خۆی بمێنێتەوە. (مدرس: ٢٠١١ز ، ٣٠٨/٢)؛ ( جەعفەر، ٢٠٠٩ز، ٣٧٨).

**شەشەم: جەخت کردنەوە لە ڕووبەڕوبونەوەی شیرک وخورافەت و دوورکەوتنەوە لە زانستی شەرعی و ڕێگری لە خراپە:**

دوورکەوتنەوەی هەندێ لە شوێنکەوتوانی ڕێبازی تەصەوف لە زانستە شەرعییەکان بەتایبەت زانستی عەقیدە و قورئان و فەرموودە، وای لە هەندێ بەناو شێخ و شوێنکەوتوانی تەصەوف کردووە لە ڕێبازی پاکی شەریعەت لابدەن و ئەو ڕێبازە پاکە پڕ بکەن لە خورافە و کەراماتی درۆ و بیدعە، لەکاتێکدا هەڵگرانی پەیامی ڕاستی تەصەوف بۆ پاراستنی سنووری تەوحید، بەرەنگاربوونەوەی خورافە، بیدعە، هەمیشە پێشەنگ بوون، بەشێوەیەک زانایانی دەرەوەی بازنەی تەصەوف گەواهیی و شایەتیی هەقیان بۆ داون، مەولەوی لە لاپەڕە ٤٢٦ لە عقیدەی مەرضیەدا دەفەرموێت:

لادە لە ڕێگەی بیدعەت و مونکەر

بێرە سەیری سەیر سەیدی ئەنوەر

یا لە باسی وەلیی و کەرامەتدا لە کتێبی عقیدەی مەرضیەدا دەفەرموێت:

وەلی شەخسێکە عارف باللە

(ما أمكن) بە زات بە صیفات ئاگاە

بیکێشی بە سەنگ هەرسێ تەقوادا

بە تەرازووی شەرع موویێ لا نەدا

**حەوتەم:** دیارە لە بەرواری ١١-١٢/ ١٢/ ٢٠٢٤ کۆنفراسی یەکەمی مەولەوی لە زانکۆی سلێمانی بەڕێوەچوو، کۆمەڵێك توێژینەوەی زۆر بەنرخ و پڕ بەها پێشکەشکرا، یەکێك لەو توێژینەوانە بە ناونیشانی (سە نامە چاپ نشدەی مولوی موجود در آرشیو صباح حسینی) لە لایەن دکتۆر سەباحی حسێنی بوو، کە بەڕێزیان سێ نامەی نەبینراوی مەولەویان پێشکەش بە کۆنفراس کرد، بونە مایەی پاڵپشتی و پشڕاستکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە، چونکە هەر سێ نامەکە بەڵگە بوون لەسەر ئازایەتی و لەخۆ بردووی مەولەوی و هەوڵی نەپساوەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی ناوچەکەو، ئێمە لێرەدا ئاماژە بە یەك نامە دەکەین وە نامەکانی تر لە لاپەڕەکانی پێشووتر ئاماژەمان پێداوە، لەگەڵ دەست خۆشی بۆ کاك دکتۆر سباحی حسێنی:

ناوەرۆکی نامەکە نامەیەکە کە مەولەوی بۆ (فەرهاد میزا)ی ناردووە؛ بریتیە لە داوایەکی مەولەوی بۆ دامەزراندنی یەکێك لە مەلا باشەکانی ئەو سەردەمە بەناوی (مەلا محمد جسیم)، لە یەکێك لە مزگەوتەکانی ئەو ناوچەیە و یارمەتی بدات، چونکە بەهۆی نەداری و کەم دەرامەتیەوە وڵاتی خۆی بەجێهێشتوەو لە بارودۆخێکی خراپدا ژیان دەکات، ئەمەش خەم خۆری مەولەوی دەسەلمێنێ، بۆ بینینی نامەکان خوێنەری ئازیز دەتوانێ هەر لەم گۆڤارەدا بگەرێتەوە بۆ توێژینەوەکان.

**لە کۆتایدا:** سید عبدالرحیمی مەولەوی دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت کە: تایبەتمەندی کومەڵگای مسوڵمان، زانای موسوڵمان، تاکی مسوڵمان، خێزانی مسوڵمان، دەسەڵاتی مسوڵمان، ئەوەیە کە: بەردەوام فەرمان بە چاکە بکات و وە ڕێگری لە خراپە بکات؛ بۆ چاکە کردن و خراپە نەکردن پێویستە خەڵکی تێبگەیەنرێ ئەم کارە هەروا ئاسان نیەو دەبێت لە ژێر رۆشنایی فەرموودەو ئاکاری پێغەمبەری ئازیزدا (درودی خوای لەسەربێت) ئەنجام بدرێ.

شێخی مەولەوی بۆ خەمخۆری و گرنگی ئەم بابەتەو لەسەر ئەو ئەساسە نەك تەنها لە کتێبیێ فەضیلەدا بەڵکو لە هەردوو بەرهەمی (عەقیدەی مرضیە و وفەوائیحش )دا بابەتگەلێکی تەرخان کردووە بۆ ئەمر بە معروف و نەهی لە منکر، جا ئەمەش ئیشارەتێکی تیایە ئەویش گرنگی ئەم چەمکە دەردەخات لای مەولەوی.

لە فەوائحدا دەفەرموێ:

بیا دست و زبان خود بیالا

بە نهی از منکر بدتر ز آلا

واتە: وەرە بەتەواوەتی مەژغوڵبە بە دەست و بەزمان، نەهی لە مونکەر بکە؛ ئەو مونکەرەی بە نیسبەت ئینسانەوە لە ژاڵە تاڵترە.

چو نتوانی بدل بگذار در دل

چو نیست این اضعفت هم, هست مشکل

واتە: هەر کاتێك تۆ بە دەست و بە زمان نەتوانی نەهی لە مونکەر بکەیت؛ ئەو نەهیە لە دڵدا جێگیر بکە، چونکە ئەو ئەزعەفەشت نەبێت بەڕاستی ئەوە موشکیلەیە. (بەرزنجی: ٢٠٢٤ز، ٢٣٠).

هەروەها لە (عەقیدەی مرضیە)دا دەفەرموێ:

(لله) لیباس نەهی لە مونکەر

ئەمر بە مەعروف زەریف کە لەبەر

کە چاوت پێکەوت مونکەرێکی کرد

یەکێ دەفعی کە لە گەورە تا ورد

بە دەس بە زوبان یاخۆ بە جەنان

(وهذا الآخر أضعف الإیمان)

واتە: لە بەر ڕەزای خوا - نەك هەوای نەفست- بەرگی ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە لەبەر بکە، چاوت بە یەکێ کەوت ئیشێکی ناشەرعی دەکرد زوو هەوڵبدە بۆ نەهێشتنی ئەو کارە بەدە، بەدەست یاخود بەزوبان یاخود بە دڵ. (مدرس: ١٩٨٨ز، ٦٦٩).

**ئەنجام**

سوپاسی نەبڕاوە بۆ خوای باڵا دەست کە تواناو دەرفەتی پێبەخشین ئەم توێژینەوەیە بخەینە خزمەتی بەڕێزتان، لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- بەهۆی کاریگەری زانا و پێشەوایانی پێشینی وەك مەولەوی؛ سیمای پێکەوەژیان لە کوردستان تا ڕادەیەك تایبەتمەندییەکی ناوازەی هەبووە، وە دووربوە لە کێشەی عەقیدەیی، وە نەیانهێشتووە سیمای دینداری لە کوردستان تەڵخ بکرێت.

2- گۆڕینی ناڕەوا (تغییر المنکر) هۆکاری پارێزگاریە لە کۆمەڵگە، بەڵام بە مەرجی تایبەتی خۆی کە زانایان لە ژیان و ئاکاری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) وەریان گرتوە، کەواتە ئەم چەمکە وەك شمشێری دووسەرە وایە؛ ئەگەر بەدانایی بەکارهات ئەوە ئاسودەیی بەکۆمەڵگەکان دەبەخشێت و زانایان لە بەرانبەر ناڕەواکاندا کاریگەری گەورەی خۆیان دەبێت؛ بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە کەسانی نەشارەزا لە دەق و مەبەستەکانی شەریعەت بەکاریان هێنا؛ ئەوا دەبێتە مایەی خوێن ڕشتنی بەناحەق و ماڵ وێرانی کۆمەڵگەکان و ناشیرینکردنی ڕووی گەشی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، وەك لە عێراق و زۆرێك لە وڵاتانی جیهان بینیمان.

3- خۆپاراستن لە دەرکردنی حوکمی لە ئایین دەرچوون (تکفیر) بەرانبەر هەر مرۆڤێك؛ لێکەوتەی زۆر ترسناکی لەسەر کۆمەڵگەکان دەبێت، هەر بۆیە ئەم کارە سپێردراوە بە لیژنەکانی زانایان، کە پێوەری زۆر ووردو تایبەتی خۆیان بۆ ئەم بابەتە هەیە.

4- زانای پایەبەرز سید عبدالرحیمی مەولەوی لە ئازاری ناوچەکەی خۆی بێدەنگە نەبووە؛ بەڵکو هەمیشە بە پاچی شەریعەت بژاری دڕکوداڵ و گیاکاڵەی کردووەو زۆر بوێرانە لەبەردەم کاربەدەستانی سەردەمی خۆی وەستاوەتەوە، چونکە چاوی لە پاداشت و دنیای ئەوان نەبووە؛ هەر بۆیە هەمیشە ژیانی هەژاریی و نەداری بەسەر بردووە .

5- ئێستە لە هەموو کاتێك زیاتر ئەرکی سەرشانی زانایانی تەصەوفە بەوپەڕی بوێریی و ئازایەتییەوە بێنە دەنگ بەرانبەر هەر نادادیەك بەرانبە گەلەکەیان دەکرێ؛ هیچ کات بێدەنگ نەبن لە وتنی قسەی حەق بەرانبەر دەسەڵاتداران، هەروەها شۆڕشێك دژ بە خورافە و شیرک و بیدعە بەرپاکەن و ڕێ بە نەیارانی تەصەوف و شێخە قۆڵبڕەکانی ناو تەصەوف نەدەن ڕێبازی جوانی تەصەوفی جونەیدی بەغدادیی و شێخی گەیلانیی و شێخ مەعرووفی کەرخیی و بیشری حافیی و مەولانا خالید و شێخانی بیارە و سید عبدالرحیمی مەولەوی لەکەدار بکەن.

6- مەولانا خالدی نەقشبەندی، خانەقای کردبوە بارەگایەک بۆ ڕێکخستنەوەی ڕەوشی ئایینی و دونیایی خەڵک، تەسەوفی کردە هێزێکی ڕێکخراوەیی بەرهەڵستیکاری ئەو ستەمانەی لە خەڵک دەکرا؛ چون لەو دەمەدا سیستەمە حکومڕانییەکە جۆرێک لە پشێوی و بێسەروبەری ڕووی تێ کردبوو، ئەمەش وایکرد خەڵکێکی زۆر تەریقەتی نەقشبەندی بگرنەبەر و موریدی مەولانا بن؛ بەهۆی هەڵوێستە بەردەوامەکانیشی دژی ستەمی عوسمانییەکان و بەرپەرچدانەوەی پێشنیازی عوسمانییەکان بۆئەوەی موڵک و ماڵی لێ وەربگرن و چاوشۆڕیان ببێت، مەولانا تووشی دەربەدەری دەبێت.

7- پاش خوێندنەوەی نامەو هەڵوێستەکانی مەولەوی ئەوەمان بۆ ڕوون بۆتەوە کە: گۆڕانی ناڕەوا لە سەردەمی مەولەویدا خۆی لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە؛ یەکەمیان: بریتیە لە بەشداری کردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە داهاتی وڵات و خەمخۆری بۆ

چاککردن و بەرەو پێشچونی کۆمەڵگە، وە ئاگادار کردنەوەی ستەمکار لەو ستەمەی بەرانبەر خەڵکی دەکرێت، دووەمیان: ڕێگری کرد لە بەزۆر سەپاندنی مەزهەبی جەعفەری بۆ ناوچە سونە مەزهەبەکان.

**سەرچاوەکان**


1- ابن بية, عبدالله محفوظ بن بيه, ورشة الاجتهاد بتحقيق المناط, المركز العلمي للتجديد والترشيد, رباط - مەملەکەتی مغرب: 2011ز.

2- ابن تيميه: تقي الدين أحمد بن عبد الحليم بن تيمية، مجموع الفتاوى، تحقیقکردنی: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم، مجمعى ملك فهد بۆ بەچاپ گەیاندنی قورئان، مەدینە، سعودیە، 1995ز.

3- بابان: جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم ، بەرگی چوارەم، چاپخانەی ئاراس، 2012ز.

4- بەرزنجی: د صباح محمد نجيب، چەند ئاماژەیەکی کەلامی فەلسەفی و عیرفانی لە بەرهەمەکانی مەولەویدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارەی (١٨) تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ز، هەروەها: شەرحی فەوائیحی مەولەوی، ڕاڤەو لێکدانەوە، نۆرەی چاپ: یەکەم، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٤ز.

5- پشدەری: عابد أحمد پشدەری، مدرسة بيارة ودورها العلمي في كردستان العراق 1307-1400هـ، گۆڤاری کۆلیجی زانستە ئیسلامیەکان- بغداد, 2022ز, ژمارە 70.

6- تەها: یاسین تەها، پانۆرامای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستان، گۆڤاری خاڵ، ژمارەی٢: کانونی یەکەم، ساڵی: ٢٠١٥ز، هەروەها: سەرهەڵدانی تەسەوف لە وڵاتی کوردەواریدا، گۆڤاری خاڵ، ژمارەی ١٦ ، نیسانی: ٢٠١٨ز.

7- جەعفەر، فازیل کەریم ئەحمەد، مێژوی بیری کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٩ز.

8- حەکیم: د.هەڵکەوت حەکیم، ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی – خالدی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٩ز ، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی هۆشیاری (ی ن ك).

9- حەمە باقی: محمدی حەمە باقی، گۆڤاری سروە، ژمارەی ١٢١.

10- خۆشناو: د. هێمن عومەر خۆشناو، پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان، گۆڤاری خاڵ، ژمارەی ٢، کانونی یەکەم، ساڵی: ٢٠١٥ز، ٦.

11- دەرۆێش: حبيب محمد، نوێخوازێك لە ئاییندا و عەدالەت خوازێك لە ژیاندا مەولانا لەسلێمانیەوە بۆ هندستان، گۆڤاری کۆچ، سەنتەری ڕوناکبیری ئێلبەگی جاف، ژمارە ١٠، بەهاری ٢٠٠٩ز.

12- ڕەئوف: محمد ڕەئوف، گۆڤاری خاڵ: ژمارە ٣٥ شوباتی ٢٠٢٢.

13- سەجادی: علاء الدين سجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی ، بغداد ١٣٧١ه – ١٩٥٢م.

14- شاهۆیی، ئارام جلال عبدالله: علاقة تحقيق المناط بفقه الواقع وأثره على الفروع الفقهية، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە لە گۆڤاری کۆلێژی زانستە ئیسلامەکان، زانکۆی کەربەلا، ژمارە(٢٩)،ساڵی(١٢)، ئەیلول: ٢٠٢١م. القائم بتحقيق المناط وأثره في بناء السلم المجتمعي، مجلة الآداب, 2023, وقائع مؤتمر بناء السلام ومنع الابادة الجماعية، الجزء الثاني, الصفحات 371-403.

15- شکار: صبور عبدالكريم، ئەدەبیات و ئەدەبیاتی عرفانی کوردی وەك دەروازەیەك بۆ ئایینناسی، گۆڤاری خاڵ، ژمارەی ١٦ ،نیسانی: ٢٠١٨ز .

16- صالح: ئاراس محمد صالح, زانایانی ئیصلاح و نوێکردنەوەی ئاینیی لە کوردستان، نشری ئیحسان، طهران, 2022م؛ هەروەها: مەولانا خالیدی نەقشبەندی نوێکەرەوەی سۆفیگەری لە کوردستاندا، گۆڤاری خاڵ، ژمارە ١٦، نیسانی ٢٠١٨ز.

17- صديق: عادل صديق: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە، چاپخانەی کەمال، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، 2011ز.

18- عبدالعزيز: عبدالعزيز سگام عبدالعزيز، پلەبەندی مەبەستە شەرعیەکان، وەرگێرانی نزار لەتیف ئەحمەد، چاپی یەکەم ٢٠١٨، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی.

19- عبدالكريم: فاتح عبدالكريم، مەولەوی و عەقیدەکانی – میهرەجانی مەولەوی: چاپخانەی الزمان – بغداد، ١٩٨٩ز.

20- عەودە، د. جاسر عەودە، مەبەستەکانی شەریعەت وەك فەلسەفەیەك بۆ تەشریعی ئیسلامی، وەرگێڕانی بۆ کوردی:محمد محمد حەمەمیرزا،چاپی یەکەم:٢٠١٩ز، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری ژمارە (٨٢).

21- غريب: عسمان محمد غريب، بژاری سۆفیگەری سەردەم، گۆڤاری خاڵ، ژمارەی ١٦ ،نیسانی: ٢٠١٨ز.

22- فەتاح: ئیبراهیم فەتاح، نامە عەرەبیەکانی مەولانا خالد، چاپی یەکەم – ٢٠١٩ز، چاپخانەی ئاراس، هەولێر .
23- قەرەداخی: بابا علی شێخ عمری قەرەداخی، هەڵبژاردەیەك لە عقیدە مەرضیەی مەولەوی، چاپخانەی ئیرشاد – بغداد، ١٩٨٥ز.
24- لۆلۆ: جەمال ئیبراهیم لۆلۆ: مێژووی جوولەکە لە کوردستاندا، گۆڤاری خاك، ژ: 113.
25- لەتیف، عادل لەتیف مەولەوی: مەولەوی سەربوردێك لە ژیان و مشتێك لە خەرواری بەرهەمی، نوسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم: ٢٠٢٣ز.
26- محمد: ئەنوەر قادر محمد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، کوردستان – سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی سێیەم ساڵی ٢٠٠٧ز.
27- مودەریس: مەلا عبدالکریمی مودەریس، عەقیدەی مرضیە: پیاچونەوەی فاتح عبد الکریم، چاپخانەی الخلود – بغداد، ساڵی: ١٩٨٨ز. هەروەها کتێبی: الوسیلة في شرح الفضیلة، چاپی یەکەم: چاپخانەی الارشاد – بغداد، ساڵی: ١٩٧٢ز، یادی مەردان: مودەریس، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم: هەولێر ٢٠١١ز.
28- مەلا صالح: حەکیمی مەلا صالح، لێکۆڵینەوە، پشکنین، شیعری بڵاونەکراوە، لە ساڵی 1997ز لە چاپخانەی سەلاحەدینی ئەیوبی لە ئورمیە چاپ کراوە.
29- مەلا کەریم، محمدی ملا کەریم، مەولەوی ژیان وبەرهەمی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر – دەزگای ئاراس چاپی یەکەم- ساڵی ٢٠٠١ ز .
30- مەولەوی: سید عبدالرحیمی مەولەوی، الفضیلة, ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بۆ چاپ: محمد علي قرداغی, چاپی ١، چاپخانەی زانکۆی صەلاح الدین – هەولێر، ٢٠٢٢ز.
31- هەورامی: حەمە کەریم هەورامی، مەولەوی شاعیری ئازاروو خەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ٢٠١٣ ز- ٢٧١٣ك.

32- Mawlawi’s method of unjustified changes in the book of Fadhila and his efforts
33- to do so, is a study of Maqasid belief.
34- Researcher: Dr. Aram Jalal Abdullah.
35- Scientific title: : Assist Prof
36- Place of work: Iraq - Sulaimani - Sulaimani University - College of Islamic Sciences - Department of Religious Education.

**Abstract:** This research is an attempt to explain the issue of unwarranted change in the book of Fadhila and efforts of the great scholar Sayyid Abdul-Rahim Mawlawi. For this purpose, it shows that unjust change is a reason of protection and stability of society, but with its own conditions, which the scholars have formulated in the light of the Holy Qur'an, hadiths and the behavior of the Prophet (peace be upon him). The subject of unjust change is like a double-edged sword; If used wisely by experts; Societies will be comfortable and scientists will have a great influence against the unjust, If otherwise; It was used by people who were not familiar with the text and purposes of Shari'ah; It will cause instability in society and disrupt one of the main pillars of reform in Islam.

**Keywords**: Mawlawi, Book of Fadhila, Unjust Change, Belief, Maqasid.